Bi riya telefonê an mail, ji me re gelek pîrozbahî hatin. Di nav van de: Komîteya Hevkarî , Encûmena Kurd li Sûriye, Komkar, Endamê Komîteya Karger yê kevin Ahmed Karamus û endamê Komîteya Giştî Diyar Mizurî , endamî komîteya karger yê berê Amanc Hasan, sekreterê berê Dr. Ershad, berpirsê têkiliyên nav xwe yê berê Serdar Dizayî, serokê berê Vildan Tanrikulu, endamê komîteya Giştî yê berê Farhan Shex Mohammad.

# ÇEND ÇALAKÎYÊN GIRÎNG YÊN FKKS

## Bîranîna şehîdên Helebçeyê




Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê li Stockholmê di 16 adarê saet 17.00 de li Kîlîseya Adolf Fredrik, bîranînek bo şehîdên Halepçeyê amade kir. Di vê bîranîne de hunermend Armanc, Diyarî Kurd û Grûba Azad musîk û stran pêşkeş kirin, şanoger Ingela Karlsson ji bi stran, herlbest şehîdên Halepçeyê bibîranî.
Kurdo Baksî û Ingela Karlsson programa bîranîna şehîdên Halepçeyê birêvebirin.
Di destpêkê de seroka Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê Şermîn Bozarslan axaftinek kir.  Dû re Seroka partiya Sosyal demokratan Mona Salin, serokê partiya çep Lars Ohly, wezîrê entegrasyonê Erik Ullenhaag ji partiya gel, parlamenter Margaretha Cederfeldt ji partiya moderater, Bodil Ceballos ji partiya Kesk, Desire Pethrus ji partiya Krist Demokrater axaftin, silav û rêzên xwe bo şehîdên Halepçeyê û malbatên wan şandin. Herweha piştgiriyên xwe bo 16 adarê bibe rojek navnetewî li hember bikaranîna çêkên kimyevî.

### Çend  axaftvanên bîranînên şehîdên Halepçeyê 2010 û 2011

Partîyên swêdî ji muxalefetê û desthilatê di qada bilind de beşdarî kirin, piştgiriyên xwe nîşan dan.  Serokê partiya çep Lars Ohly beriya ku be seremoniya bîranîna şehîdên Halepçeyê nameyekî taybet ji Hukûmeta Swêdê re şandibû


Seroka Partiya Sosyal Demokrat Mona Sahlin


Serokê Partiya Çep  Lars Ohly


Serokê Partiya Gel Jan Björklund


Wezîrê Entegrasyonê Erik
Ullenhaag


Parlamenter ji Partiya Moderatan
Margereta Cederfeldt


Parlamenter ji Partiya Hiristiyanan
Desire Pethrus

tê de daxwaz kiribû ku bila Hukûmet bona 16 adarê ji aliye Koma Netewan wek rojek li dij bikaranîna çekên kimyevî bê îlan kirin kar bike. Herweha Ohly diyar kiribû ku Hukumet û hemû partî bi hev re ji bo vê yekê kar bikin.
Di dawîya programe de parlamenterên kurd, Roza Guclu, Shadiye Heydari, Jabar Amin, seroka komiteya parlamenter Kurdistan-Swêd û beşdar bo rêzgirtina şehîdan mum vêxistin.



**Bîranîna şehîdên Halepçeyê li Avahîya Parlamentoya Swêd - 16 adarê 2011**

Federasyona Komeleyên Kurdistanê di roja 16 adarê 2011 an de ,du bîranîn bo rêzgirtina şehîdên Halepçeyê amade kir. Yek li avahiya parlamentoya Kurdistanê û yek jî li kilîseya Adolf Fredrik.
Bîranîna yekem li Parlamentoya Swêd, bi hevkariya komiteya parlamenter Kurdistan – Swêd hat amadekirin. Serokê komîteya Swêd-Kurdistan Parlamenter Fredrik Malm ji partiya Gel û cigîra serok Anna Lena Sörenstram ji partiya Sosyal Demokrat bihevre xêrhatina beşdaran kirin şehîdên Halepçeyê bi rêzdarî bibîranîn.

Seroka FKKS Şermîn Bozarslan di axaftina xwe de Federasyonê da nasandin behsa komkûjiya kurdan kir û daxwaz kir ku hemû partiyan bihevre bo di qada navnetewî de, Enfal wek jenosîd bê nasandin û herweha bo na 16 adarê bibe rojek navnetewî li dij bikaranîna çêkên kimyevî xebatê bikin.
Li pey van axaftinan filimekî kin li ser Enfal hat nîşandan. Dûre Eisa Fili û Şhoreşh Rahem li ser babetên xwe agahdarî dan. Eisa Fili, li ser enfala kurdên feylî, Shoresh Rahem jî li ser bicîhanîna destûra Iraqa Federal axaft.




# Projekt Jalla för alla

Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê, digel Komeleya Skyydsvärnet û çend komeleyên dî, projeyek 3 salî bi navê Yalla bo alla birêvedibin. Armanca proje eve ku ciwanên ku bi têne hatine Swêdê bikaribin bi azadî ditînên xwe diyar bikin, ji pirsên girîng yên civatê agahdar bin, civatê nas bikin û tê de beşdar bin.

Di nav projeyê de forum bo guftugo, analîz hatine lidarxistin. Bi riya kursên perwerdeyî û serdan bo derên cuda ciwan li ser civata swêdê têne perwerde kirin.




# Zimanê kurdî divê bibe zimanê fermî û perwerdeyî!

Mafê perwerdeya bi zimanê zikmakî mafekê bingehîn yê mirovayiyê ye. Neteweyên Yekbûyî (NY) di civîna xwe ya 20ê Mijdara 1989ê de bi qebûlkirina Beyannameya Mafê Zarokan vî mafî destnîşan kiriye. Ev maf her weha di peymanên navneteweyî yên giştî yên eleqedar de û her weha bi taybetî jî di peymana navneteweyî ya mafên zarokan de, di xalên destpêkê de û di xalên 17, 29 û 30 yî de bi awayek taybetî û zelal hatiye nivîsandin.

Ji bona wê jî daxwaza perwerdeya bi zimanê zikmakî daxwazek rewa, girîng, pêwîst û di cîyê xwe de ye.

Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê (FKKS) her tim parezgerî zimanê kurdî bûye. Ew di kongreya xwe ya dawîn a 24-mîn de dîsa ev yek diyar kiriye. Hemû nûnerên kongreyê bi yek dengî biryar dane gotine; zimanê kurdî divê bibe zimanê fermî yê perwerdeyê.
Lê dewlet û hûkmetên Tirk ji bona ku mafê perwerde yê bi zimanê zikmakî qebûl nekin li hember wan xalên ku bi Beyannameya Mafê Zarokan a Neteweyên Yekbûyî (NY) de hatiye qebûlkirin, dilsariya(çekince)xwe nîşan daye û bi vî hawayî beyannameyê îmze kiriye.

Wexta zimanekî ku di nav sîstema perwerdeyê de neyê bi kar anîn, hingê ew zimên eşkere tê qetilkirin. FKKS bangî Hukûmeta Tirk dike ku dev ji vê polîtikaya xwe ya asîmilasyonê berde, nasnameya kurdan bi fermî qebûl bike û zimanê kurdî bike zimanê perwerdeyê.

## ”Divê şiyara me bi zimanê Kurdî perwerde be”

“Roja Zimanê Zikmakî” ji aliyê Rêxistina Yekîtiya Miletan ya Perwerdê, Zanyarî û Çandê (ÛNESCO) ve di 17ê Mijdara 1999ê de wekê roja makzimanan hat qebûlkirin û cara yekem di 21ê Sibata 2000î de hat pîrozkirin. Û ji wê tarîxê vir ve êdî bûye tradisyoneka navneteweyî û li seranserî cîhanê wek rojeka makzimanan tê pîroz kirin.
.......
FKKS bangî dewletên serdest yên kurd di bin nîrê wan de ne dike ku ew hebûn û nasnameya kurdan bi fermî qebûlbikin û zimanê kurdî resmî bibe zimanê perwerdeyê. Herweha FKKS daxwaz li hevwelatiyan dike ku di 21ê Sibatê di roja navneteweyî ya zimanê zikmakî de ew zêdetir xwedî li zimanê xwe derkevin û şiyarên; “Zimanê me hebûna me ye!” û “bi zimanê Kurdî perwerde“ bilind bikin.

# Newroz 2011

Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê (FKKS) di 26ê adara 2011ê de li Stockholmê li Solnahallenê bi girseyekî qelebalix şahiya Newrozê pîroz kir.

Newroz bi grûbên govendê yên Koma Folklora Kom-Ciwan û Koma Folklora Helperkê dest pê kir. Gûbên folklorê bi reksên xwe reng dan şahiya Newrozê û wê geş girin.

Nûnerên Partiyên Swêdî ji Partiya Çep(V) Jacob Jonsson, ji Partiya Muhafezekar (M) Rebuar



Fredon, ji Partiya Liberal a Gel (Fp) Fredrik Malm ku di parlamentoyê Swêdê de serokê netverka Kurdistan-Swêdê axifin û bi kurdî Newroz pîroz kirin.



Herweha dosta kurdan û seroka berê ya Partiya Sosyaldemokratan Mona Sahlîn jî yek jî mevanê şeva Newrozê bû. Ew di şevê de axaftinek kir, serkeftin bo kurdan daxwaz kir û bi kurdî got: Newrozpîrozbe!

Seroka FKKSê li ser navê Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê spasiya Mona Sahlin bo piştgiriya wê ya bi salan bo gelê kurd û bo xebatê wê ya bo civateke piralî û pirkulturî û bo xebatê we ya li dij nîjadperestîyê jê re wek xetire 3 pirtûkên balkêş li ser kurdan diyarî kir.



Seroka FKKSê Şermîn Aycan Bozarslan di axaftina xwe ya bi kurdî û Swêdî li ser bûyarên rojane yê kurdan sekinî û xebata FKKSê a ji bona demokratî û yeksan anî zimên. Muloud Abdelzadeh li ser navê Hevkarî peyama wan xwend.

Hunermend û dengbêjên ji çar parçeyên Kurdistanê; Nasir Rezazî(Rojhilat), Muhamed Taha Akreyî (Başûr), Mahmud Ezîz(Rojava) û Helîn (Bakur) bi awazên xwe şevê geş kirin û bêşdarên Newrozê bi muzika wan heta derengê şevê govend gerandin.





# Projeya Familjehem (Perwerdemal)

Projeye familjehem ku ev 3 sal in Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê (FKKS) pê re kar dike, semînera xwe ya dawî di 12/12 2010 li Stockholmê li ABF pêkanî û proje bi dawî hat.

projeyê ev bû ku, ji bo ciwanên kurd ku bi serê xwe hatine Swêdê ji bona wan peydekirina malbatên kurd bû, da ku ew ji kultur û zimanê xwe dûr nekevin.

Di semînere de nêzikî 100 kes besdarî kirin. Pirtûka proje bi navê 'Dîtina Mal' (att hitta hem) ku nivîsa seroka Federasyonê jî tê de ye hat belavkirin.





Di dawîyê de nûnerên 7 federasyonê ku di projeyê de bi hev re kar kirine, di panelekî de besdarî kirin, ditînên xwe û tecrûbeyên xwe li ser projeyê anîn zimên. Seroka FKKSê Sermin Bozarslan di vê panelê de beşdar bû.

FKKS pir girîng dibîne ku malbatên kurd ji bo zarokên kurd ku ji ber sedemên curbecur nikarin li cem dê û bavên xwe bin an jî ciwanên kurd ku bi tenê hatine Swêdê demekî bibin malbat. Ev yek ji bona ku zarok û ciwanên me ji ziman, nasname û kultura xwe dûrnekevin pir girîng e.

Ger bixwazîn ji bo zarok an jî ciwanekï kurd bibin malbat an jî ji bo agahdariya zêdetir li ser vê yekê werbigrin, dikarin di gel Federasyon info@fkks.se têkilî deynin.

---

# Rojek bo piştgiriya Kurdên Sûriyê

Li paytexta Swêdê Stockolmê, di 13/11 2010 an de rojeke piştgiriyê ji bo kurdên Sûriyê ji aliyê Federasyona Komeleyên kurdistanê li Swêdê (FKKS) bi hevkariya Encumena Kurdên Sûriyê li Swêdê (EKSS) ve hat lidarxistin. Di salona civînê de zêdî 200 kes, ji kurdên Sûriyê û kurdên hersê parçên din yên Kurdistanê û mêvanên swêdî, beşdar bûn. Bi taybetî perlemanterên Swêdê yên nijad kurd Cebar Emîn ji partiya keskan (Miljöpartiet) û Ismail Kamil ji partiya Gel (Folkpartiet) û perlamenterên swêdî Margaretahe Margarethe Cederfelt, ji partiya Muhafezekaran (Moderat), Fredrik Malm ji partiya Gel (Folkpartiet), Jakob ji partiya çep (Vänsterpartiet), Ann Margarethe Liv berdevka partiya çep ya swêd ya foruma navnetewî û gelek mêvanên rêzdar yên din.

Programa civînê du xalên bingehîn yên siyaseta nijadperest ya rejîma sûrî li ser kurdan girtin ber çav, pirsa bê hemwelatiya nêzî sêsed hezar kurdên sûrî û pirsa Qanûnana 49 an. Di Civînê de av rezadar axaftin:

- Seroka FKKS Şermîn Bozarselan
- Serokê Encumena kurdên Sûriyê li Swêd Dr. A. Seyda
- Serokê hevkariya partiyên kurdistanê, birêz Şefîq Kaya
- Dr. Emîn Silêman agahdariyek dîrokî û siyasî li ser rewşa kurdan li Sûriyê pêşkêşî beşdaran kir
- Perlementera partiya Muhafezekaran, Margarethe Cederfelt
- Seroka komîta Foruma Navnetewî ya partiya çep ya swêd, Ann-Margarethe Livh
- Fredrik Malm, perlementerê partiya Gel
- Cebar Emin, pelementerê partiya keskan
- Rewşenbîrê sûrî, Rîmon Macûn

Di vê civînê de Amûdê hat bîranin û kurte -fîlmek li ser Agirê Sînema Amûdê û bîranîna wê hat pêşkêş kirin. Di beşa azad de ji gelek kes, di nav wan de; Omer Sexmus, Dr. Ibrahim, Gabar Çiyan, ji Sosyal Demokratan Salar û Evin Çetin, parlementerê partiya çep Jakob Johnson ditîn û pêşniyarên xwe li ser xebatê pêş anîn zimên.

Roja piştgiriyê Kurdê Sûriyê be serkeftin amada bû û bi axaftina dawî ya Seroka FKKSê Şermîn Bozarslanê ya ku spasiya hemû mêvan û beşdaran kir dawî bû.

www.fkks.se

# Piştgiriya girtîyên siyasî li Iranê

Di 20ê Adara 2011ê de li Stockholmê semînerek ji bona piştgiriya girtiyên siyasî yên neteweyên cûda li Îranê hat li dar xistin. Semîner ji aliyê Komîteya piştgiriya girtiyên bîrvekirî yên siyasî yên miletên cûda yên Îranê û Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê(FKKS) hat organîzekirin û Kurdo Baksî moderatê semînerê bû.

Seroka FKKS Şermîn Bozarslan li ser rewşa Kurdistana Îranê sekinî û got ku bi hezaran kesên ji miletên cûda yên îranê ji ber çalakiyên xwe yên ji bo demokrasî û mafên mirovî û neteweyî di girtîgehên Îranê de ne û hukumeta Iranê deriyê xwe ji rêxistinên navneteweyî re girtine, îdam li Iranê bûne parçeyek ji jiyanê. Bozarslan diyar kir ku FKKS piştgiriya kampanya bo girtiyên siyasî yên netweyên Iranê dike û encamê vê semînerê dê bête belavkirin, divê li Iranê hemû girtîyên siyasî be qeyt û şert serbest bêne berdan.

Li ser navê Komîteya Hevkariya hêz û partiyên Kurd û Kurdistanê Şefîk Kaya û nûnerê Komîteya Piştgiriya Komîteya piştgiriya girtîyên siyasî yên miletên cûda yên Îranê armanca semînerê anî zimên Nûnerê Komîteya kampanyaya piştgirî ji bo girtiyan Naser Heyderi ; li ser 32 salên rejima meleyên Îranê sekinî û kirinên rejimê li hember gelên cûda yên îranê û li ser rewşa girtiyên siyasî rawest. Herweha di semînerê de bi filmekê dokumentar ku bi gelemperî siyasete rejîma Îranê û bi taybet jî siyaseta li hember girtiyan hat nîşandan.
Herweha armanca kampanja bo piştgiriya girtiyên siyasî ji aliyê girtiyekî siyasî yê berê ve hat xwendin.






Serokê Şaredariya berê yê Diyarbekirê Mehdî Zana ku bi salan di girtigehê de mabû û Îşkenceyên ku di girtigehan de li wî/wan hatibû kirin anî zimên û got; piştgiriya ji bona girtiyan û ji girtiyan re name şandin moralekê mezin e ji bona wan û vê yekê bi tercubeyên xwe ku jiyabû ji temeşavanan re bi kelogirî parve kir û wexta axaftina xwe xelas kir ji aliyê temeşevana ve bi piyan hat çepikandin.



Netverka Parlamnetoya Swed- Kurdistan ku ji parlamenterên 5 partiyên Swêdê di Parlamentoya Swêdê ne pêk tê li ser navê wan Arhe Hamednaca(S) ku eslê wî ji Erîtreyê ye bêşdarî semînerê bû û li ser armanca avakirina netverkê sekinî û piştgiriya xwe ji bona girtiyên siyasî yên Îranê anî zimên.

Idris Ahmedî ku li Zanîngeha Stockholmê di ilmî siyasetê de doktora dike li ser siyaseta Îranê bi tevayî û bi taybet jî li ser neteweyên Îranê, mafê mirovî sekinî , bi avayekî fireh analîza rewşê kir, bersiva pirsên temeşevanan da. Agahdarî û şiroveyên Idris Ahmedî gelek bala beşdaran kişand.

## Du konferens bo demokratîyet, diyalog û li dij rasism

Selam Cizirî Ata Baneyî, Sermin Bozarslan û Pirshang Twana di du konferensên du rojî yên cuda de beşdarî kirin. Di her du konferansan de guftîgo li ser diyalog, demokratîyet û nîjadperestî hat kirin. Di encamê de hevkarîyekî di navbera beşdaran de pêk hat. Hevkarî û konferansên weha dê her berdewam bin.

## Vekirina kîtêbxaneya kurdî

Di 2011-02-23 de wezîra demokrasiyê ya Swêdê Bigitta Ohlssonê Kitêbxaneya Kurdî li ciyê wê yê nû li Alvikê (Stockholmê) vekir. Kitêbxaneya Kurdî ev sê sal bû miweqet di xaniyekî de li derveyî belediyeyea Stockholmê bû. Ciyê niho yê Kitêbxaneyê di avahiyeka belediyeyê ye û ji bo kurdan nas e. Seroka Federasyona komeleyên Kurdistanê li Swêdê Şermîn Bozarslanê di peyiva xwe de balkişand ser rola Kitêbxaneya kurdî wek dezgeheka neteweyî û bang li hemû kurdan kir ku li vê dezgehê xwedî derkevin û bi hemû îmkanên xwe wê xurt bikin û wek mîrata neteweyî biparêzin.

## Xwepêşandan

FKKS di xwepêşandanên bo demokratîyet, mafê kurdan li Sûriyê li Mynt Torget, li Sergels torg û li Medborgarplatsenê de beşdarî kir.

## Dialog bo entegrasyon

Seroka FKKS di nav grûba referensê de û di pêvajoya dialogê de de cî girtibû. Di vê pêvajoyê de grûba referensê çend caran civiyan û herweha çend konferans jî hatin amadekirin. Di van civîn û konferansan de, beşên curbecûr wek pirsgirêkên xanî, tendûristî, kar, perwerde, ziman, rola rêxistinan, entegrasyon û pirsên dî hatin minaqeşe kirin. Armanc ev e ku rêxistinên sîvîl di pêvajoya ewil ya jîyana biyanîyan de û di dema integrasyonê de xwedîyê rol û imkanên zêdetir bin û karibin bo hin beşan digel belediyan peymanên kar û hevkarîyê bikin. Û werhewa rêxistin bo xebatên entegrasyonê û beşdariya penaberan di civata Swêdê de karibin kar (îhale) werbigrin.
FKKS ev yek gavekê baş û girîng dibîne. Lewra seroka FKKS di nav grûba referensê de û di pêvajoya dialogê de de cî girtibû. Di encama vê pêvajoyê de bingeha ev peymanê hat kifş kirin.
Çend dimên ji Çalakiyên komeleya kurd li Västerås

# FKKS û Folksam

**Ji bo rojên pêş, xwe û zarokên xwe sîgorta/têmîn bikin**

Gellek ji endamên me bi salan in daxwaz kiribûn ku FKKS fonda sîgortaya definkirina cenaze amade bike û ev kar bimeşîne. Em bi dilxweşî dîyar dikin ku me daxwazên endamên xwe û hevwelatîyên xwe anîn cîh.

FKKS ji bo endamên xwe ji Folksamê li pey mafekî taybet ji bo sîgorta/têmîna definkirina cenaze wergirt. Wexta meriv dixwaze cenaze bişîne welat û li wir defin bike, Fonus heta 40.300 kr. mesrefên cenaze, transport û definkirina cenaze dike. Dema ku ewqas pere ji bo mesrefên cenaze û definkirinê neçe; perê mayî didin malbata wî/wê, an jî ji bo ew kes ku hatiye wesîyet kirine.

Definkirina cenaze li Swêdê jî dîsa meriv têkilî digel Fonus datîne û hejmara sîgorta dide wan û daxwazên xwe ji bo wan dîyar dike.

**Hevwelatîyê/a hêja,**

Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê dîsa bi kêfxweşî radigihîne ku li ser daxwaza me, beşa kurdî ya Folksamê ya agahdarî li ser temîn(sigorta) hatiye damezirandin. Her kesî/a bixwaze li ser temîn/sigorta yên curbecûr agahdarî bi zimanê kurdî werbigre dikare bi riya telefon an jî e-mail berpirsiyarê beşa kurdî ya Folksamê Burhan Kadir re têkilî deyne.

*Burhan Kadir : 0771-585958*
*burhan.kadir@folksam.se*
*www.folksam.se/kundservice/otherlanguages*





**KONGREYA SIOSê**
Di 28 ê meha gulanê li Södertälje, komeleya Sirpan, kongreya SIOSê pêk hat. Di vê kongreyê de, li ser navê federasyonê Selam Cizirî, Pirshang Twana û Şermin Bozarslan beşdarî kirin. Seroka Federasyona me, Şermin Bozarslan ev perîod jî wek cigîra serok di nav komîteya birêvebir de cî girt. SIOS ji 20 federasyonên endam pêk tê. Ji bo mafên biyaniyan û li dij nîjadperestî kar dike.



## Konferansê Enfalê

Di 13.03.2011 an de FKKS konferans bo nasandina komkûjiya Enfalê li hola ABF ê amade kir.
Konferans bi axaftina seroka Federasyonê Şermîn Bozarslanê destpêkir.
Di konferansê de du semîner ji aliyê Bûbê Eser û Eisa Fili ve hate danîn..
Bûbê Eser li ser enfalê bi awayekî giştî û bi teybetî li ser enfala Barzaniyan rawestiya. Wî Enfal, bûyer, kiryar, êş û ezerên wê anî zimên. Ew bi xwe ji bona lêkolînê li ser rewşa malbatên enfalkirî bike sala 2007an qedere 11 mehan li başûr bû, bi nêzîkî 300 malbatên enfalê re hevdîtin pêk anîbû. Di encama vê lêkolîna xwe wî şanoya enfalê ya bi navê Dîroka Rûreş li Swêd û li Stenbolê weşand.

Eisa Filî jî li ser kurdên Feylî ku ji terefê Seddam ve hatibûn enfalkirin sekînî. Herweha Eîsa jî bi awayekî zelal li ser wê kiryara xerab rawestiya û agahdariyên hêja da beşdarvanan. Gelek agahdariyên balkêş ku heta niha kêm hatibûn bihîstin, Eisa Fili di vê konferansê de anî zimên. Wî behsa ku kurdên Feylî li welatê xwe bê hevwelatî ne kir. Heta niha ev pirs çareser nebûye.

Di dawîya semîneran de filmek balkeş ji Elmanya ku yek Elmanî li ser Enfal çêkiriye hat nîşandan. Ev konferans xebata yekem bo kurdan ya komîteya nasandina jenosîda kurdan ya FKKS bû.

# Çend dîmên ji vekirina avahîya FKKS 9 ê gulanê 2009

Di nehê gulana 2009an de Federasyona Komeleyên Kurdistanê li Swêdê barkirin avahiya xwe ya nû li Spångayê. Avahiya Federasyonê ji aliyê seroka şaredariya Spångayê Ann Katrin Åslund, nivîskar û siyasetmedar Kemal Burkay û seroka Federasyonê Şermîn Bozarslanê ve bi merasimekê hat vekirin. Herweha gelek nûnerên rêxistinan û kurdên Swêdê jî beşdarî vê merasimê bûn.















یەکسەر بەبیرمان دێتەوە کە کۆمەڵێک کەڵە شاعیر و کەڵە بیرمەند لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا لە هەرێمی سوابیادا پێگەیشتوون. بیرکردنەوەی زیاتر لەمە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئاڵمانیای ناوەڕاست و پروسیای رۆژئاوا و سیلیسیا و بۆهیمیاش بە هەمان شێوە هەرێمێکی لەم جۆرەن.

لەگەل بیرکردنەوەدا دەڕۆین و دەپرسین: ئایا هەموو کارێکی رەسەن بۆ سەوزبوونی خۆی پشت بەو رەگ و ریشەیە نابەستێت کە لە ناو خاکی زێد دا دایکوتاوە؟ رۆژگارێک یوهان پیتەر هیبل ئاوهای نووسی: "رووەکگەلێکین ـ کە حەز بکەین دانی پێدا بنێین یان نا ـ دەبێ بە رەگەکانمان سەر لە خاک وەدەرنێین و لە ئەثیردا بپشکوێین و بەربگرین." ( Works, ed. Altwegg (III, 314

شاعیر (واتە هیبڵ) دەیەوێ بڵێت: بۆ ئەوەی کارێکی بەراستی سرووربەخش و شایستەی مرۆیی سەوز بێت، پێویستە مرۆڤ توانایی هەڵکشان لە قووڵایی خاکی زێد بەرەو ناو ئەثیری هەبێت. لێرەدا ئەثیر بە واتای پانتایی ئازادی ئاسمانە بەرزەکان دێت، واتە هەرێمی کراوەی رووح.

لەمەش زیاتر لەگەڵ بیرکردنەوەدا دەڕۆین و دەپرسین: ئایا ئەم بانگەشەیەی "یوهان پیتەر هیبڵ" بۆ رۆژگاری ئەمڕۆش راستە؟ ئایا هێشتاش مرۆڤ بە هێمنی لە نێوان زەوی و ئاسماندا نیشتەجێیە؟ ئایا هێشتاش گیانێکی تێڕامانکارانە بەسەر نیشتماندا باڵادەستە؟ ئایا هێشتاش زادگەیەکی ژیانبەخش لە ئارادا هەیە کە مرۆڤ لە خاکەکیدا بە رەگ داکوتاوی وەستابێت، واتە بە شێوەیەکی رەسەن سەر بەو زادگەیە بێت؟

ژمارەیەکی زۆر لە ئەڵمانییەکان زێدی خۆیان لە دەست داوە و با ناچار گوند و شاری خۆیان جێهێشتووە و لە خاکی زادگای خۆیان دوورخراونەتەوە. ژمارەیەکی یەکجار زۆری تریش لەوانەی زادگاکەیان بە پارێزراوی ماوەتەوە تووشی دەربەدەری بوون. ئەوان لە ناو ژاوەژاوی شارە گەورەکاندا گیریان خواردووە و لە ناو وێرانەیی ناوچە پیشەسازییەکاندا نیشتەجێکراون. ئەوان ئێستاکە ئیتر بێگانەن بەوەی پێشتر زێدی خۆیان بووە. ئەی ئەوانە چی کە لە زێدی خۆیان دا ماونەتەوە؟ ئەمانە هەر زۆر ئاوارەترن لەوانەی کە لە زێدی خۆیان دەرکراون. ئەمانیش چەندەها کاتژمێر و رۆژ بە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بەستراونەتەوە و فیلمەکان حەوتوو لە دوای حەوتوو بەرەو ناو هەرێمی خەیاڵێکی زەبەلاح، بەڵام باو و رواڵەتی، پەلکێشیان دەکات و وەهمی جیهانێکیان پێدەدات کە هەر بوونی نییە. گۆڤارە وێنەییەکان لە هەموو شوێنێک دەست دەکەون. [جیا لەمە] گشت ئەو شتانەش دەست دەکەون کە تەکنیکی مۆدێرنی پەیوەندی مرۆڤی پێ سەرسام دەکات، هێرشی دەکاتە سەر، و دەیورووژێنێت. واتە گشت ئەو شتانەی کە لە کێڵگەکەی نزیک خانووە گوندییەکەی، لە ئاسمانی باڵەنوارِ بەسەر زەویدا، لە گۆڕانی شەو بۆ رۆژ، لە داب و نەریتی گوندەکەی و لە ترادیسیۆنی جیهانی زێدەکەی خۆیەوە لە مرۆڤ نزیکترن.

لەمەش زیاتر لەگەڵ بیرکردنەوەدا دەڕۆین و دەپرسین: وا خەریکە چی بەسەر ئەوانە دێت کە لە زێدی خۆیان دوورخراونەتەوە، هەروەها چی بەسەر ئەوانە دێت کە لە زێدی خۆیان دا ماونەتەوە؟ ئەمڕۆکە رەگداکوتانی مرۆڤ واتە وەستانی مرۆڤ لەسەر ئەو رەگەی لە ناو خاکی زێدا دایکوتاوە لە چەقی خۆیدا تووشی هەڕەشە بووەتەوە. بەڵام هێشتا خاڵێکی دیکە ماوە: تەنها بە هۆی بارودۆخ و بەختەوە نییە کە مرۆڤ وەستان لەسەر رەگی داکوتراو لە ناو خاکی زێدی خۆی لە دەست داوە، بە هەمان شێوە بە هۆی گوێ ـ مەدەیی و رواڵەتی بوونی شێوازی ژیانی مرۆڤیشەوە نییە. لە کیسچوونی "وەستان لە سەر رەگی داکوتراو لە ناو خاکی زێد"دا لە روحی ئەو سەدەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەموومان تێیدا لە دایک بووین.

1. ئەم وتارە، لە 30ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1955 لە مەسکریخ، بە بۆنەی 175 ەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی دانەر کۆنرادین کروتزەر پێشکەش کراوە (وەرگێڕی ئینگلیزی).
2. حیساب کردن لێرەدا دوو مانای هەیە، یەکەم هەمان ئەو مانایەیە کە رۆژانە بە کاری دەهێنین واتە حیساب کردنی شتەکان لە رێگەی ژمارە و هاوکێشە بیرکاری و ئابورییەکان، ماناکەی تری بریتییە لە وەبەرچاوگرتنی شتێک بۆ ئەوەی لە کاتی بلاندانانداندا بۆ ئەنجامدانی کارێک بیری بۆ بکرێتەوە، ئەمە لە کوردیدا زۆر باوە دەڵێن "ئەی حیسابی ئەوەت کردووە ئەگەر فلانە رووداو رووبدات (یان روونەدات) دەبێ چی بکەیت؟"، یان لە کاتی دروست کردنی خانوبەرەدە دەڵێین "ئەی حیسابت بۆ باران کردووە" یان "ئەی حیسابی بارانت کردووە"، لە هەموو ئەم نموونانەدا "حیساب کردن" یان "حیساب بۆ کردن" بە مانای وەبەرچاوگرتنی هەلومەرجێک یان چەندین هەلومەرجی تایبەت دێت لە کاتی ئەنجامدانی پلانێکدا، واتە ئەم هەلومەرجانە چۆنییەتی و مەودای بیرکردنەوەی ئێمە دیاری دەکەن. زۆر جاران لە جێی "حیساب کردن" یان "حیساب بۆ کردن" لەم مانایەدا سوود لە "بیر بۆ کردنەوە" وەردەگیرێت، بۆ نمونە دەڵێین "بیرێک بۆ کاتی باران بارانیش بکەوە" یان "بیرێک بۆ روودانی فلانە رووداوە بکەوە". بۆیەش بۆ ئەم جۆرە لە بیر کردنەوە کە لە ئینگلیزیەکەش calculative thinkingی داناوە "بیرکردنەوەی حیسابکارانە" یانیش "بیرکردنەوەیەک کە حیساب دەکات" بەکار دێنین. (وەرگێڕی کوردی)
3. (Calculative thinking computes.) لێرەدا (Compute)مان بە لێکدانەوە وەرگێراوە کە بە مانای تەفسیرکردن نایەت، بەڵکو بە واتای جۆرێک لە بیرکردنەوە دێت کە تیایدا هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان وەبەرچاو دەگیرێت و پاش ئەم وەرچاوگرتنە لەسەر دانانی پلانی گونجاو دەدرێت... لە کوردی دا زۆر جار لێکدانەوە لەم شوێنە بە کار دەهێنین، بۆ نموونە دەڵێین "پاش ئەوەی هەلومەرجەکەم بە باشی لێکدایەوە بڕیارم دا سەفەر بکەم". (وەرگێڕی کوردی)
4. Meditative thinking
5. Practical affairs

شێوەرد بێت. بە هەمان شێوە ئێمە دەشێین ناـ بیسا (کەڕ) ببین چونکە دەبیستین (بیساین)، دەتوانین پیر ببین چونکە گەنج بووین. لەوێشەوە ئێمە دەشێت لە رووی بیرکردنەوەوە هەژار یان تەنانەت بیرنەکەرەوە بین تەنها لەبەر ئەوەی ئێمە لە چەقی بوونی خۆماندا توانایی بیرکردنەوەمان هەیە. "گیان و عەقڵ"مان هەیە و بەستراوینەتەوە بە بیرکردنەوەوە. ئێمە دەشێت تەنها ئەو شتانە لە کیس بدەین، یان وەک دەڵێن لێیان بێبەهرە بین، کە بە ئاگایی یان بە بێ ئاگایی خۆمان خاوەنیان بین.

کەواتە ئەم بیرنەکەرەوەـ بوونە گەشەسێنەرە لە پرۆسەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئێستاماندا ئەم پرۆسەیە خەریکە مۆخی مرۆڤ دەکرۆژێت. ئەمڕۆکە مرۆڤ خۆی لە بیرکردنەوە دەدزێتەوە. ئەم "خۆ ـ دزینەوە"یە لە بیرکردنەوە بنەمای بیرنەکەرەوە ـ بوونە. بەڵام بەشێک لەم "خۆ ـ دزینەوە"یە بریتییە لەوەی مرۆڤ نە ئەم "خۆـ دزینەوە"یە دەبینێت نە وەئەستۆی خۆیشی دەگرێت. بگرە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا مرۆڤ نکۆڵی لەوە دەکات خۆی لە بیرکردنەوە دزیبێتەوە و جەخت لەسەر پێچەوانەی ئەمە دەکاتەوە. ئەو دەڵێ لە هیچ سەردەمێکدا پلانی هێندە بەرفراوان یان ئەم هەموو لێکۆڵینەوەیە لەم هەموو بوارەدا بوونی نەبووە و توێژینەوە بەم گەرموگوڕییەی سەردەمی ئێستا ئەنجام نەدراوە، هەڵبەتە قسەکەشی راستە. هیچ گومانێک لە راستبوونی ئەمانەدا نییە. پاشان ئەم نمایشی بەهرەداری و وردبینییە سوودێکی بەرچاوی هەیە. نکۆڵی لە زەرووڕەتی ئەم شێوەیە لە هزر ناکرێت. بەڵام ئیتر ئەمەش راستە کە ئەم بیرکردنەوەیە جۆرێکی تایبەتە لە بیرکردنەوە.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەوەی بەشەکی و دیارکراوە، ئەم راستییەش لە خۆ دەگرێت کە لە کاتی پلاندانان، توێژینەوە و رێکخستندا هەمیشە کۆمەڵێک هەلومەرجی دیاریکراو رەچاو دەکەین، کە بە نیازێکی "حیسابکارانە"[2]بە ئامانجە سوودبەخشە تایبەتییەکانیان وەبەرچاویان دەگرین. کەوابێت دەتوانین پشت بە کۆمەڵێک ئەنجامی دیارکراو ببەستین. ئەم حیساب ـ کردنە مۆرکی هەر بیرکردنەوەیەکە کە پلان دادەنێت و بە دواداچوون دەکات. ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە بەردەوام وەکوو حیساب ـ کردن دەمێنێتەوە، تەنانەت گەر کار بە ژمارەش نەکات و مەکینەی حیسابکردنیش بەکارنەهێنێت. بیرکردنەوەی حیسابکارانە [بەردەوام] خەریکی لێکدانەوەیە.[3] ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە بە بەردەوامی شیانگەلی نوێتر و ئومێدبەخشتر و لە هەمانکاتدا ئابووریتر لێکدەداتەوە. بیرکردنەوەی حیسابکارانە بە خێرایی لە شیانێکەوە

<——

بەرەو شیانی دواتر دەجوولێت. ئەو قەت راناوەستێت و قەت داناسەکەنێت. بیرکردنەوەی حیسابکارانە بیرکردنەوەی تێڕامێن[4] نییە، [واتە] ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە نییە کە لەو مانایەی لە هەموو شتێکدا باڵادەستە رادەمێنێت.

کەواتە دوو جۆر بیرکردنەوە هەیە و هەرکامێکیان بە شێوازی تایبەتی خۆی رەوایەتی خۆی دەسەلمێنێت و پێویستە: ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوەیەش "بیرکردنەوەی حیسابکارانە" و "بیرکردنەوەی تێڕامێن"ن.

کاتێک دەڵێین مرۆڤی هاوچەرخ خۆی لە بیرکردنەوە دەدزێتەوە، مەبەستمان بیرکردنەوەی تێڕامێنە. لەوانەیە ئێوە دژایەتیم بکەن و بڵێن: خودی بیرکردنەوەی تێڕامێن بە تەنها خۆی دەبینێتەوە کە بەسەر واقیعدا بە مەعلەقی دێت و دەچێت بە بێ ئەوەی ئاگای لە واقیع بێت. پەیوەندی ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە [بە واقیعەوە] پچڕاوە. بیرکردنەوەی تێڕامێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری نوێدا هیچ بایەخێکی نییە و لە راپەڕاندنی کاروباری کردەییشدا هیچ سودێکی نییە.

هەروەها دواجار لەوانەیە بگوترێت بیرکردنەوەی تێرامێن بە تەنها، واتە تێڕامانی بێ پسانەوە، لە دەستراگەیشتنی تێگەیشتنی باو "بەدەر"ە. ئەم بیانوویە ئەوەندە راستییەی تێدایە کە بیرکردنەوەی تێڕامێنیش هەر وەکوو بیرکردنەوەی حیسابکارانە بەخۆی روونادات. [بەڵکو تەنانەت] زۆربەی جاران هەوڵێکی زیاتریشی گەرەکە، راهێنانێکی زیاتر دەخوازێت و لە چاو هەر پیشەیەکی رەسەنی تر پێویستی بە ئاگا لێبونێکی وردتر هەیە. بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە دەبێ بتوانێت ملکەچی کاتی خۆی بێت، واتە وەکوو جوتیارێک چاوەڕێ بکات بۆ ئەوەی بزانێ ئایا دەغڵەکەی گەورە دەبێت و پێدەگات.

بەڵای هێشتاش هەر کەسێک دەتوانێت بە شێوازی خۆی و لە ناو مەودای تایبەری خۆیدا رێگەی بیرکردنەوەی تێڕامێن بگرێتەبەر. بۆچی؟ لەبەرئەوەی مرۆڤ بوویەکی بیرکەرەوەیە، واتە بوویەکی تێڕامانکارە. بەڵام بیرکردنەوەی تێڕامێن بە هیچ شێوەیەک پێویستی بەوە نییە "خەیاڵ پڵاو" بێت. بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە کە لەسەر ئەوەی لێمانەوە نزیکە بنیشینەوە و پاشان لەوەی لە هەموو شتێک لێمانەوە نزیکترە، واتە لێرە و لە ئێستا دا پەیوەستە بە هەر کام لە ئێمەوە، رابمێنین: لێرە، واتە لەم پارچەیەی خاکی زێد، ئێستا، واتە لە ساتە هەنووکەییەی مێژوودا.

گەر هاتوو بۆ تێڕامان ئامادە بووین، ئایا ئەم بۆنەیە چی پێیە بۆ ئەوەی پێمان ببەخشێت؟ دەبینین کارێکی هونەری لە خاکی زێدی ئێمەدا پشکوتووە. کاتێک بەم راستییە سادەیەمان زانی ئیتر خۆمان پێناگیرێت و

28 <——

وتارێک لەمەڕ بیرکردنەوە[1]
پەیامی یادکردنەوە
مارتن هایدگەر
وەرگێڕان: ڕێبوار قارەمانی

با یەکەم پەیڤم لە زێدی خۆمدا پەیڤی سوپاسگوزاری بێت.

سوپاسی زیدی خۆم دەکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی بە درێژایی ڕەوتی ژیانم بە منی بەخشیوە. من هەوڵم داوە ماهییەتی ئەم بەخشینە لەو چەند لاپەڕەیەدا ڕوون بکەمەوە کە لە ژێر ناونیشانی "Der Feldweg"دا بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1949دا لە کتێبێکی تایبەت بە بەرزراگرتنی یادی سەد ساڵەی کۆچی دوایی 'کۆنرادین کروتزەر' دا دەرچووە. سوپاسی جەنابی شارەوان شۆهڵیش دەکەم بۆ ئەو بەخێرهێنانە گەرم و گوڕەیان. هەروەها بە تایبەتیش سوپاستان دەکەم کە هەلی پێشکەش کردنی وتاری یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەی ئەمڕۆتان بە من بەخشیوە.

میوانە بەڕێزەکان، هاوڕێیان و هاوشارییان! ئێمە بەیەکەوە لە مەجلیسی یادکردنەوەی دانەر 'کۆنرادین کروتزەر'ی خەلکی هەرێمەکەی خۆمان دا کۆبووینەتەوە. گەر بڕیار بێت ڕێز لە کەسێک بنێین کە بە داهێنەر ناسراوە، دەبێ بەر لە هەموو شتێک ڕێزێکی شایستە لە کارەکانی بنێین. گەر داهێنەرەکە موسیقار بێت، بە هۆی پێشکەشکردنەوەی پارچە موسیقییەکانییەوە ڕێزی لێدەنرێت.

ئەمڕۆکە پارچە مۆسیقییەکانی 'کۆنرادین کروتزەر' لە ئاواز و کۆرس، لە ئۆپێرا و مۆسیقای مەجلیسیدا دەنگداتەوە. لەم دەنگانەشدا خودی هونەرمەند حزووری هەیە. چونکە حزووری مامۆستا لە کار (ی هونەری)دا تاکە حزووری ڕاستەقینەیە. هەرچی مامۆستایەک مەزنتر بێت خۆی بە شێوەیەکی کامڵتر لە پشت کارەکەیدا مەحو دەبێتەوە.

بەشداربوونی ئەم ژەنیار و گۆرانیبێژانە لە بۆنەکەی ئەمڕۆماندا ئامەژەیەکە بەوەی لەم بۆنەیەدا گوێبیستی کارەکانی "کۆنرادین کروتزەر" دەبین.

بەڵام ئایا ئەمە بە تەنها مەراسیمێکی یادکردنەوە پێکدەهێنێت؟ مەراسیمی یادکردنەوە بەو واتایەی کە ئێمە سەر لە نوێ لە بیرکردنەوەماندا بگەڕێنەوە، واتە بیر بکەینەوە. بەڵام ئەوەی دەبێ لە [مەراسیمی] یادکردنەوەی دانەرێکدا بگوترێت و بیری لێبکرێتەوە چییە؟ ئایا ئەمە هەمان جیاوازی نێوان مۆسیقا و "ئاخاوتن" نییە، بەو مانایەی مۆسیقا لە ڕێگەی دەنگی تۆنەکانییەوە ئیدی پێویستی بە زمانی ئاسایی، واتە

<——

زمانی وشەکان، نییە؟ وا دەڵێن. بەڵام پرسیارەکە هەر لە شوێنی خۆیدا ماوە: ئایا ژەنین و چڕین بە تەنها دەتوانن مەراسیمەکە بکەن بە مەراسیمێکی تەژی لە بیرکردنەوە، واتە مەراسیمێک کە تیایدا بیردەکەینەوە؟ ئەستەمە! هەر لەبەر ئەمەشە کە وتارێکی یادکردنەوەیان لە ناو بەرنامەکەدا داناوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە یارمەتیمان بدات کە لە بیرکردنەوەمان دا هەم بگەڕێنەوە لای ئەو دانەرەی ڕێزی لێ دەنێین و هەمیش بگەڕێنەوە لای کارەکانی. ئەم بیرەوەرییانەش دەمودەست لەگەڵ گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانی "کۆنرادین کروتزەر" و شیکردنەوە و باسکردنی کارەکانیدا زیندو دەبنەوە. لەم شێوە گێڕانەوەیەدا زۆر شتی خۆش و ناخۆش و هەروەها زۆر شتی ئامۆژگاریدەر و نموونەیی دەبینین. بەڵام لە بنەڕەتدا بەم جۆرە قسەکردنانە تەنها خۆمان سەرگەرم کردووە و بەس. گوێگرتن لەم جۆرە چیرۆکانە پێویستی بە هیچ بیرکردنەوەیەک نییە، هەروەها بە هیچ شێوەیەک داوای ئەوەمان لێناکات بیر لەوە بکەینەوە کە بە شێوەیەکی کوتوپڕ و بەردەوام لە خودی بونمادا پەیوەندی بە هەر کام لە ئێمەوە هەیە. کەوایە تەنانەت وتاری یادکردنەوەش هیچ گەرەنتییەکمان ناداتێ بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین لە مەراسیمی یادکردنەوەدا بیردەکەینەوە.

وەرن با خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین. هەموومان، بەوانەشەوە کە دەڵێن بە شێوەیەکی شارەزایانە بیر دەکەنەوە، لە بیرکردنەوەدا هەژارین. هەر زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە هەموومان بیرنەکەرەوەین. بیرنەکەرەوە-بوون میوانێکی سەیر و سەمەرەیە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکات. چونکە ئەمڕۆکە، ئێمە بە خێراترین و سوکترین شێواز پەی بە هەموو شتەکان دەبەین، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی دەمودەست و بە هەمان خێرایی لە بیریان بکەین. هەربۆیەش کۆبوونەوە لە دوایی کۆبوونەوە دەبەسترێت. مەراسیمەکانی یادکردنەوە لە رووی هزرییەوە تا دێن هەژارتر دەبن. بۆنەکانی یادکردنەوە و بیرنەکەرەوە-بوون شان بە شانی یەکەوەن.

بەڵام تەنانەت ئەو کاتەی بیرنەکەرەوەشین، دیسان واز لە توانایی بیرکردنەوەی خۆمان ناهێنین. بەڵکو زۆر بە ئاشکرا، ئەگەرچی بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرەش بێت، کەڵک لەم توانایە وەردەگرین: واتە لە بیرنەکەرەوە بووندا بیرکردنەوە بە شێوەردی دەهێڵینەوە. بەڵام تەنها ئەوە دەکرێت بە شێوەردی بهێڵدرێتەوە کە لە خۆیدا، وەکوو کێڵگەیەک بۆ نمونە، زەمینەیەک بێت بۆ گەشەکردن. جووت ـ ساید کە هیچ شتێک تیایدا شین نابێت و گەشە ناکات، ناشێت

27 <——

چەند وێنەیەک لە ئاهەنگی 30 ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان























**سیلوا حەسەن،** ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێڕ.
لە سیهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی فیدراسیۆندا، لە ناخی دڵەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم. فیدراسیۆن لە بواری مافی مرۆڤ، لۆبی بزوتنەوەکان، ئەدەبی و فەلسەفی و بە گشتی زمانی کوردی ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە. لە نێو دامودەزگاکانی سویدا ڕێز و حورمەتمان هەیە. فیدراسیۆن هەستێکی تایبەتی لە دەروونی مندا پێک هێنا کە یارمەتی کوردستان بکەم.



**فاریس مارسل،** کارگێڕ و خەباتکار.
ماوەی چەند ساڵە لە فیدراسیۆن کار دەکەم. بیرەوەرێکی زۆرم هەیە. سیهەمین ساڵوەگەڕێ فیدراسیۆن پیرۆز بێ.



**ڕۆژنامەوان و نووسەر.**
ئەوە چەندین ساڵە فیدراسیۆن خەبات دەکا. لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی دەهەمین ساڵوەگەڕی فیدراسیۆنتان پێشکەش دەکەم. هیوادارم ساڵەهای ساڵ لەو خەباتەدا بەردەوام بێ.



**سەلیم ئوزون،** هاوکاری بەشی ماڵی. من لە بەشی داراییدا کارم کردوە. فیدراسیۆن دەزگایەکی گرینگە. یادی سی ساڵەی فیدراسیۆن پیرۆز بێ. داوای تەمەن درێژی سەرکەوتنی بۆ دەکەم




لەو ڕێوڕەسمەدا بەداخەوە ئەندامی دێرین و دڵسۆزی فیدراسیۆن کاک حەمەدەمین سیراجی کە ساڵی پار کۆچی دوایی کرد، لەگەڵمان نەبوو. هەر بۆیە بەپێویستمان زانی بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی چەند ساڵەی کۆچ کردو ئارمی سی ساڵەی فیدراسیۆنمان پێسکەش بە هاوسەری ئەمەگناس و وەفاداری ئەو خەباتکارە ماندوویی نەناسە کرد.



**سەلمان ئونیومەن**

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە وەک میوان بەشداری ڕێوڕەسمی یادی سی ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانم. سەرکەوتنی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زیاترتان لە وڵاتی سویددا بۆ بە ئاوات دەخوازم.



**فلێمەز ئاکاد**

سی ساڵە فیدراسیۆنی کومەڵە کوردستانیەکان دامەزراوە. لەو سی ساڵەدا خەباتێکی دژواری لە پێناو دیمۆکراسی بە بەردەوامی درێژە پێدا. هەر بۆیە توانی هەموو ئەو کوردانەی کە ڕوویان لەو وڵاتە دەکرد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەوەش بوو بە هۆکاری ئەوە کە بتوانێ کوردەکانی جیابیر فێری لێک نزیک بوونەوە و یەکتر قەبووڵ کردن بکا. من دەتوانم لە فیدراسیۆندا سێ خاڵ دەست نیشان بکەم کە بریتین لە کوردستان بوون، نەتەوەیی بوون و فەرمی بوونی زمانی کوردی.

**ئازاد یۆسف ئەردەم**

نزیک بە 25 ساڵە ئەندامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانم. خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەو ماوەیەدا لە ڕێگای فیدراسیۆن زۆر شتی باش فێر بووم.



**بیژەن سەفایی، سەرۆکی سیوس**

بەناوی کونفیدراسیۆنی بیانیەکان پیرۆزبایی سیهەمین ساڵوەگەری دامەزرانی فیدراسینتان پێشکەش دەکەم. فیدراسیۆنی کوردەکان بۆ ئێمە گەڵێک گرینگە و ئەکێک لە چالاکترین فیدراسیۆنەکانە. سەرۆکی فیدراسیۆنەکەتان زۆر زانا و چالاکە پێی سەرفرازین. بەرپرسی فۆلکسام لە ڕێگای منەوە دیارێکی بۆ ناردوون کە پێشکەشتانی دەکەم.



**سمایک کامیل**

**ئەندام پاڕلمانی کورد لە پارتی گەل لە سوید**

زۆر خۆشحاڵم کە لیرە دەگەڵ ئێوەم. بە بۆنەی سی ساڵ خەباتی فیدراسیۆن لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە ئێوە دەکەم. لە سوید سەردەمێک ڕێکخراوی خوێندکاران چالاک بوو. ئەو ڕێکخراوە لە ئاستی ئوروپادا خەباتی دەکرد. خەباتی ئەوان کاریگەری زۆری لەسەر دۆزی کورد دانا. بۆ کوردی سوید فیراسیۆن دەزگایەکی گرینگە.



**فریدریک مالم** ، ئەندامی پاڕلمان و سەرۆکی تۆڕی هاوکاری سوید ـ کوردستان.

بە بۆنەی سیهەمین سڵوەگەڕی دامەزرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەم. فیدراسیۆن پێوەندییەکی باشی دەگەڵ ئێمە هەیە و شەرمن لەو بوارەدا زۆر چالاک بوە و پێکەوە زۆر چالاکیمان بەڕێوە بردوە. هاوکاری خۆمان بە ڕێوڕەسی یادی شەهیدانی هەڵەبجە دەست پێکرد.



**مەحمود کپر، بەرپرسی پێشووی فیدراسیۆن.**

لەناخی دڵەوە پیرۆزبایی سیهەمین ساڵوەگەری فیدراسیۆنتان پێشکەش دەکەم. هیوادارم فیدراسیۆن چەندین سی ساڵی دیکەش تەمەنی درێژ بێ. فیدراسیۆن ساڵی 1981 دامەزرا. پێش ساڵی 1981 ماوەیەکی زۆر بۆ دامەزراندنی فیدراسیۆن کار کرا. ئێمە بەشێوەیەکی دێمۆکراتی کارمان دەکرد. دەمان گوت دەبێ لە کۆبوونەوەکاندا بە کوردی قسە بکەین. بەڵام ئێستا باسی هەموو سوید دەکەن



**کەماڵ ناودار**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی گشتی/ ڕاوێژ.

سیهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی فیدراسیۆن پیرۆز بێ و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم. گرینگی کوردستانی بوونی فیدراسیۆن لە بواری زماندایە.



**نافی جلگن**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێڕ.

سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان ڕێک خست بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە دەوری یەک کۆ ببینەوە. سیهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی فیدراسیۆن پیرۆز بێ و جارێکی دیکە سۆپاستان دەکەم.



**زوبێر حەسەن**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێڕ و کارمەندی فیدراسیۆن.

من ساڵانێکی زۆر لە فیدراسیۆندا کارم کردوە. لە سەرەتادا لەسەر ناوی حیزبی خۆم هاتم بۆ نێو فیدراسیۆن. پاشان سیستەمی فیدراسیۆن گۆڕا و کەوتە سەر سیستەمی کۆمەڵاکانی سەر بە شارەداری و خەڵک لەسەر ناوی کۆمەڵەکانی خۆیان بەشداری فیدراسیۆنی دەکرد.



**خەلیل دهۆکی**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی گشتی.

سەردەمێک ئەندامی کۆمیتەی گشتی و سەردەمێک بەرپرسی بەربانگ بووم. فیدراسیۆن بۆ پشتگیری خەباتی کورد ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە و هەنووکەش ئە ڕۆلە دەگێڕێ. سیهەمین ساڵوەگەڕی خەباتی فیدراسیۆن پیرۆز بێ.



**رووکەن مستۆ**،ئەندامی پێشووی کۆمیتەی گشتی.

زۆر خۆشحالم کە دەبینم فیدراسیۆن بێ وەستان 30 ساڵ درێژەی بە خەباتی خۆیداوە. من جاری یەکەم کاتێک زاراوەی سۆرانیم دەبیست هیچی لێ تێنەدەگەیشتم. بەڵام ئێستا زۆر چاک تێی دەگەم. سیهەمین ساڵوەگەڕی فیدراسیۆن پیرۆز بێ.



**بەرجەم فریتزەل**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێڕ.

زۆر خۆشحالم کە لێرە دەگەڵ ئێوەم. فیدراسیۆن خەباتێکی گەورەی لە وڵاتی سوید بەڕێوە بردوە و بۆ پێکەوە کار کردن ئەزموونێکی گەورەیە. جێگای خۆشحالییە کە ژنێک سەرۆکایەتی فیدراسیۆن دەکا.



**ئازاد چەلک**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی گشتی.

بە بۆنەی سیهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی فیدراسیۆن پیرۆزباییتان لێدەکەم. فیدراسیۆن لە بواری زمان، کولتور، پێناسە و خەباتی لۆبی دا ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە. هیوادارم گەنجەکانیش لەو بوارەدا بتوانن ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن.



**ڕێناس ئاودال**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی گشتی.

بە بۆنەی یادی سی ساڵەی فیدراسیۆن پیرۆزباییتان لێدەکەم. ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئەو خەبات و تێکۆشانەی کە تا ئێستا کراون.



**شەفیق کەیا**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێر.

هیوادارم فیدراسیۆن سالآنێکی زۆر تەمەن درێژ بێ. لە هیچ شوێنێک ریکخراوێکی کوردستانی ئاوا بەرفران وەک فیدراسیۆن نییە. لە ناو فیدراسیۆندا بیری جیا، رەنگی جیا، زاراوەی جیا هەیە و ئەوەش سامانێکی گەورەیە. سیهەمین سالۆوگەری فیدراسیۆن پیروز بێ.



**حوسامەدین ئاسلان**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێر.

من سێ ساڵ لە ناو کۆمیتەی کارگێر کارم کردووە. پێشەکی سۆپاستان دەکەم کە بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگەدا بانگهێشتتان کردوم. لە ناو فیدراسیۆندا هەرکەس بە زاراوەی خۆی دەدوێ. ئەوەش کارێکی زۆر گرینگە. فیدراسیۆن دەزگایەکی زۆر پێویستە و بوون زەرورییە. لە رابردوشدا پێویست بوو، ئێستاش هەر پێویستە و پیرۆزیشە.



**دجلە قزل**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێر.

ئێمە ساڵی 1984 کۆمەڵەی کوردمان لە ژێرفیلا دامەزراند. سێ ساڵی یەکەم وەک بەرپرسی ئەو کۆمەڵەیە کارم کرد. من بۆ یەکەم جار زاراوەی سۆرانیم لە فیدراسیۆندا بیستت. ئەودەم تەمەنم 25 ساڵ بوو. چەند چالاکیەکی گرینگمان بەرێوە برد وەک نەوروز، کێ بەرکێی فۆلکلووره و کۆنفرانسێک بۆ کوردەکانی ئوروپا. فیدراسیۆن لە ئوروپا بوو بە مۆدێلێکی گرینگ.



**نەبی باڵ**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی کارگێر.

سیهەمین سالۆوگەری دامەزرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان پیروز بێ. من چەند دەوره لە کۆمیتەی کارگێری فیدراسیندا کارم کردوە. فیدراسیۆن دەزگایەکی گرینگە و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم و سوپاسی ئێوەش دەکەم.



**مومتاز ئایدن**، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی گشتی.

من سێ دەوره وەک ئەندامی کۆمیتەی گشتی کارم کردوە. یەکەم چالاکی خەباتکارانی فیدراسیۆن کە تێیدا بەشدار بووم بیرەوەری کوردی باکوور بوو. لە ناو فیدراسیۆندا کوردستانیەکان باشتر لێک نزیک دەبنەوە. فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان یەکەم نموونەیە کە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی لە ناو خۆیدا کۆ کردۆتەوە. لە ناو فیدراسیۆندا زاراوەی جیاجیا بەکار دێ و هیچ جارێک زمان نەبۆتە گرفت. بە باس و وتووێژ فیدراسیۆن قازانجێکی گەوره دەستەبەر دەکا



**کەیۆ حەسەن جگەرخوێن**، ئەندامی جێگری پێشووی کۆمیتەی کارگێر.

بە بۆنەی سیهەمین سالۆوگەری دامەزرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان، پیرۆزباییتان لێدەکەم. من سەردەمێک ئەندامی جێگری کۆمیتەی کارگێر بووم.

ئەکات ئیمکاناتێکی زۆرمان نەبوو، بەشی زۆری کارەکان بۆخۆمان رامانده‌پەراندن. جاری وا هەبوو تا درەنگانی شەو کارم دەکرد.



**نەوزات هیرۆری**، بەرپرسی پەرتوک خانەی کوردی.

به بۆنەی سیهەمین سڵوەگەری دامەزرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم. سەرۆکی فیدراسیۆن لە ناو بەڕێوەبەری پەرتووک خانەی کورد لەسەر ناوی فیدراسیۆن وەک جێگری سەرۆک دیاری کراوە و هاوکارێکی زۆر باشمان هەیە و داوای سەرکەوتن بۆ فیدراسیۆن دەکەین.



**سالح ئینجە یەکەم سەرۆکی فیدراسیۆن**

فیدراسیۆن ڕۆژی 22ی گوڵانی ساڵی 1981 دامەزرا. ئێمە چەند کەسێک وەک کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵبژێراین. جاری یەکەم دو کەس وەک یەک دەنگمان هێناوە. من ساڵح ئینجە بۆ چالاکی ڕێکخستن و کەیا ئیزۆڵ بۆ پێوەندی دیاری کراین. پاشان من وەک سەرۆک هەڵبژێرام. گرفتەکان زۆر بوون. گەلێک داخوازی گەورە دەکرا. ئەو کۆمیتەیە کە دیاری کرا بە گوێرەی ویستی ڕێکخراوەکان دیاری کرا. پاشان پێنج یان شەش کۆمەڵەی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و کۆمەلەیەکی زۆری بە دەورەوە نەبوو. دوای ئێمە ئەو دەزگایە مایەوە و پەرەی کرت. کۆمەلەی دیکە لەسەر بناخەی یاسای شارەداریەکان دروست کران. خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە دوای 30 ساڵ ئەو دەزگایە هەر ماوەتەوە. ڕەوشی کوردی سوید ئاڵوگۆڕی بەسەردس هاتوە. پێشتر زۆر کەس لەوانەی کە سیاسی بوون نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. بەڵام ئێستا وا نیە. فیدراسیۆن پێویستە داخوازەکانی خۆی دەگەڵ ڕاستیەکانی ئێستا ڕێک بخا. لەو خەباتەدا دەبێ گەنجەکانیش بەشداری بکەن.



**موستەفا ئایدۆگان**، یەکێک لە سەرۆکەکانی پێشووی فیدراسیۆن.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی وڵاتی سوید بۆ ئێمە بوونی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانە کە ماوەی 30 ساڵە وەک ڕێکخستنێک ماوەتەوە و لە هەموو سوید باس دەکرێ. خەباتی ڕێکخراوەیی کورد تێیدا گەشەی کردوەیادی نووسەرانی کورد و بزووتنەوەکانی کوردستانی کردۆتەوە و زۆرتر بە خەڵکی ناساندوە. زۆر شانازی بە بەوە دەکەم کە لە دەزگایەکی ئاوادە کارم کردوە.



**حامید گەوهەری**، یەکێک لە سکرتێرەکانی ساڵانی پێشوو.

سیهەمین ساڵوگەری دامەزرانی فیدراسیۆن پیرۆز بێ. جێگای شانازییە کە فیدراسیۆن توانیوێتی سی ساڵان لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و بمێنێتەوە. فیدراسیۆنیش شەهیدی هەیە. چەند ئەندامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سەردەمی کار و خەبات بەرپرسایەتی لە فیدراسیۆندا کۆچی دواییان کردوە. زۆر کادری بە تواناش لە نێو فیدراسیۆندا کاریان کردوە. کتێبێکم لەسەر 25 ساڵەی فیدراسیۆن نووسیوە.

لە دەستپێکی دامەزرانی فیدراسیۆندا چوار کۆمەڵەی سەر بە حیزبەکانی کوردستانی فیدراسیۆنیان دامەزراند. پاشان کۆمەڵەی سەر بە شارەوانییەکان دروست بوون. لە فیدراسیۆندا بە هەموو زاراوەکانی کوردی قسە دەکرێ و هەچ جارێک لەو بارەوە تووشی ئاستەنگی نەبۆتەوە. فیدراسیۆن بە باس و لێدوان قازانجێکی گەورە دەستەبەر دەکا.

**فورات نه مرود**

پڕ بەدڵ ۳۰ هەمین ساڵڕۆژی فیدراسیۆن پیرۆز دەکەم، هیوادارم فیدراسیۆن لە کارو خەباتدا سە رکەوتوو بێت، فیدراسیۆن هەر تەنها دیموکراتی نییە بەڵکو ماڵی گەلی کوردە لە سوید.



**سدیق بۆز ئەرسلان**

۳۰ ساڵەی فیدراسیۆن لە هەموو کورد پیرۆز بێت، فیدراسیۆن بۆ خەباتی هاوبەش نموونەیەکی باشە بۆ کلتوری دیموکراتی، ساڵانێک من لە فیدراسیۆن کارم کردووە بەڵام لەو سەردەمەدا لۆکاڵ و ئیمکانیات زۆر نە بوو.



**مێدیا حەسەن،** ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕ

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان دەبێ گرینگیەکی زۆرتر بدا بە پرسی یەکسانی مافی ژن و پیاو. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە بەبێ چارەسەری ئەو پرسە بە تەواوی بە ئامانجەکان نەگەین.



**خالوک ئۆزتورک** ئەندامی کۆمیتەی گشتی شالانی ڕابردوو. سیهەمین ساڵوەگەری خەباتی فیدراسیۆن لە مەمووتان پیرۆز بێ. بەردەوام بوونی سی ساڵ خەباتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان سەلمێنەری ڕەوابوون ئەو خەباتەیە.



**کۆڤان ئامەدی**

من بە ساڵان لە فیدراسیۆن کارم کردووە و فیدراسیۆن لە دامە زراندنیەوە تاکو ئێستا فیدراسیۆن پێشڤە چوونێکی باشی بەخۆیەوە دیوە لە بوارەکانی زمان، ڕۆشنبیری وفۆلکلۆری کوردی، هە روەها لە بواری چارەسەر کردنی پرسی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگای سویدیدا، هەروەها ســـــە بارەت بە ناساندنی پرسی کورد کاری کردووە.



**زنار سۆران**

من یادی ۳۰ ساڵەی فیدراسیۆن بە دڵ و گیان پیرۆز دەکەم، هیوادارم لە خەباتی خۆیدا سەرکە وتوو بێت ، فیدراسیۆن وەک دەزگایە کی دیموکراتی و کوردستانییە. سنووری دەستکردی دوژمنانی تێک داوە و لەژێر چەتری فیدراسیۆندا کۆی کردۆتەوە. هە موو زاراوەکانی کوردی بە شێوەیەکی ئازاد بە کار دەهێنێت. فیدراسیۆن بۆ پشتگیری خەباتی ناونەتەوەیی و دێمۆکراتی بۆ بەرەو پێش بردنی زمان و ئەدەب و کولتوری کوردی خەباتێکی ژیرانەی کردوە.



**بووبێ ئەسەر**

۳۰ ساڵە ی فیدراسیۆن پیرۆز بێت، ۳۰ ساڵ کارو خەبات بۆ چوار پارچە ی کوردستان پیرۆزبێت



**سدقی هروری**

یادی ٣٠ ساڵە ی فیدراسیۆنتان لێ پیرۆز بێت و هیوادارم لە خەبات و چالاکییەکانتان بەردەوام بن.



**فەوزی هروری**

یادی ٣٠ ساڵەی فیدراسیۆنتان لێ پیرۆز بێت و هیوادارم ئەو سی ساڵییە ببێتە هوشیاربوونێک بۆ زیاتر خەباتی کلتوری بۆ نەتەوەی کورد و پەنابەری کورد لە سوید.



**سلێمان نوئمان**

من گەلێک دڵخۆشم کە وەکو میوان بەشدار بووم لە یادی ٣٠ ساڵەی فیدراسیۆن وە هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوو بن.



**عەزیز ئالش**

پڕ بەدڵ ٣٠ هەمین ساڵڕۆژی فیدراسیۆن پیرۆز دەکەم، هیوادارم فیدراسیۆن زیاتر گرنگێکی زۆرتر بەباری کۆمەڵایەتی بدات.



**ساڵح دەمیر**

فیدراسیۆن لەو کاتەوە کە دامە زراوە تاکو ئێستا بۆتە ماڵی هەموو کوردێک لە سوید، فیدراسیۆن ئەو سنورەی لابردووە کە دوژمنان بۆ هەر چوار پارچە ی کوردستان دایان ناوە، لە لای خۆشییەوە زمانی کوردی کردووە بە زمانی فەرمی.



**فەلامەز ئاکاد**

لەو ٣٠ ساڵەی دامەزرانیدا فیدراسیۆن خەباتێکی دژواری لە پێناو دیموکراتیدا کردووە وە توانیوێتی هەموو کوردەکان لە ژێر چەترێکدا کۆ بکاتەوە.



**بووبێ ئەسەر**

٣٠ ساڵەی فیدراسیۆن پیرۆز بێت، ٣٠ ساڵ کارو خەبات بۆ چوار پارچەی کوردستان پیرۆزبێت.

**دکتۆر ئەمین سلەیمان**

فیدراسیۆن دەزگایەکی زۆر گرنگە بۆ کوردانی سوید و لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا خە باتێکی باشی کردووە بۆ کوردانی سوید، هیوادارین کە فیدراسیۆن لەسەر خەباتی خۆی بەردەوام بێت.

## پەیامی فیدراسیۆن بە بۆنەی کارەساتی هەڵەبجە

ئامادەبوانی بەڕێز و خۆشەویست!
ڕۆژی 16 ی مانگی مارسی ساڵی 1988 ی زایینی پێنج هەزار کەس لە ژن و منداڵ و پیاو و لاوانی دانیشتووی شاری هەڵەبجە، بە فەرمانی سەدام حوسێن بە بۆمبی کیمیاوی شەهید کران. تەنیا تاوانێکی ئەو خەڵکە لێقەوما و بێ تاوانە هەیانبوو، ئەوە بوو کە کورد بوون. ئەو کارەساتە سامناکە بەشیک بوو لە پیلانی بە ئەنقەست داڕێژرا و جینایەتکارانەی کۆمەڵکوژی ئەنفال لە ساڵی 1988 هێژەکانی ڕێژیمی بەعس لە زنجیرەیەک هێرشی یەک لە دوای یەکی خۆیاندا بە دژی خەڵکی کوردستان بەڕێوەیان برد. لەو هێرشانەدا نزیک بە 200000 کەس شەهید کران و زیادتر لە سەدهەزار کەس بۆ ڕزگار کردنی خۆیان ڕایان کردە وڵاتانی دەراوسێ و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ئۆردوگانی پەنەبەریدا مانەوە. هەر بەو ڕادەیەش بەزۆر لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەرێندران و لە کەلاوەکۆنی بە بێتۆن دروستکراودا نیشتەجێ کران.
ئەو بۆمبارانە کیمیاوییە ئێستاش کاریگەری خراپی لەسەر هەڵەبجە هەر ماوە. ئەو مەوادە کیمیاییە زەرەرێکی قورسی بە سیپەلک و سیستمی بینایی و عەسەبیی خەڵکی دانیشتووی ئەو شارە گەیاندوە. زۆرکەس هەر لە بنەڕەتەوە بینایی خۆی لەدەست داوە و زۆرکەسیش تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون. خاکەکەشی بەهۆی ژەهراوی بوونی مەوادە کیمیاییەکە کەڵکی خۆی لەدەست داوە و تا ئێستاش نەگەڕاوەتەوە سەر دۆخی خۆی.
دۆساتانی خۆشەویست! ڕێژیمە سەرەڕۆ و سەرکوتکەرەکان بەدایم پێیان وابووە کە بۆ تواندنەوە و قەلاچۆ کردنی کورد مافی کەڵک وەرگرتن لە هەموو کەرەسەیەکیان هەیە. جیا لەوەش بۆ ئەوەی پێش بە ئازادی و سەربەخۆیی کورد بگرن پەنا دەبەنە بەر سەرکوت و هەموو ئاژاوە نانەوە و کێشە و دووبەرەکییەک لە نێوان گروپە جۆراجۆرەکاندا.
ئەو مێژوویە دەتوانێ بە شێوازی جۆراجۆر دووپات بێتەوە. پێویستە ئێمە هەموو تواناکانی خۆمان وەگەڕ بخەین بۆ ئەوەی پێش بە کۆمەڵکوژی دووپات بوونەوەی ئەو تاوانانە بگرین. کوردستانێکی سەقامگیر و ئازاد و دێمۆکراتیک لە باشووری کوردستان کە یەکسانی تێدا بەڕێوە بچێ تەنیا شتێکە کە پێش بە دروست بوونی هەڵەبجەیەکی دیکە دەگرێ.
ئێمە پێمان خۆشە و حەز دەکەین وڵات سوئێد چالاکانە پشتیوانی لە سەقامگیری و ڕەوتی دێمۆکراتی ئەو بەشە لە کوردستان بکا، کە لەڕاستیدا ئێستا تەنیا ناوچەیەکی ئازادە بۆ ئێمەی کورد.
وەرن پێکەوە بۆ ئەوە کار بکەین کە بیروڕای گشتی نێونەتەوەیی بەفەرمی کارەساتی ئەنفال وەک ژێنۆساید و قەلاچۆ کردن بناسێ و ڕۆژی 16 ی مارس وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی بەدژی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی ناودێر بکا. لەو بارەوە ئێمە بە قوربانیانی هەڵەبجە قەرزدارین.
ئێمە بەڵێن دەدەین بە شەهیدانی هەڵەبجە کە خەباتی خۆمان لە پێناو مافی ئەو خەڵکە و مافی مرۆڤ بەگشتی درێژە پێدەدەین.
بەشداری کردنتان لەو یادەدا ڕێزگرتن لە قوربانییەکانی هەڵەبجە و پشتیوانی کردنە لە خەبات بۆ ئازادی و سوپاس بۆ بەشداریتان.

بەو هیوایە کە جارێکی دیکە تووشی کارەساتی
هەڵەبجە نەبینەوە
بژی کورد و کوردستان
شەرمین بۆژئەسلان
2011- 03-16

## یادی کارەساتی هەڵەبجە لە پاڕلمانی سوید

ڕێکەوتی 16ی ئاداری ساڵی 2011 بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان بە هاوکاری تۆڕی سوید ـ کوردستان لە پاڕلمان ڕیوڕەسمێکی پێک هێنا.
سەرۆکی تۆڕی سوید ـ کوردستان فرێدریک ماڵم لە حیزبی گەل و جێگری سەرۆکی کۆمیتەکە خاتو ئانالینا سورێنسترام لە حیزبی سۆسیال دێمۆکرات بەخێرهاتنی ئامادە بوانی کۆڕەکەیان کرد.
لاپەڕەی 18 ———>

## پاراستنی پرۆسەی دیمۆکراتی

بزانین و کوردستان نەخەینە بەر هیچ مەترسییەک و هەڵدێریک. پێویستە ئێمە هەموو بەیەکەوە و بەیەکگرتوویی کار بۆ بەرژەوەندییە گشتیەکانی گەلەکەمان بکەین. ئەو دەزگایانەی کە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە هەڵبژێردراون، بیانپارێزین، حەز و خواستەکانمان بۆ ئاوەدان کردنەوەی کۆمەڵگایەکی دیمۆکرات یەکسان بەکار بهێنین.

هەرلەو ڕوانگانەوە، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید، پشتگیری لە سەرۆکایەتی و پەرڵمان و حکومەتی کوردستان دەکا، لەسەر هەر کوردێکە کە ئەو دەسکەوتانە بپارێزێ.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید

2011-02-01

## دەقی وتاری سکرتێری فیدراسیۆن لە یادی حەوتەمین ساڵرۆژی سەرهەلدانی ڕۆژئاوای کوردستان:



خوشک و برایانی بەڕێز: ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی بزافی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان هەڵبدەینەوە، ئەوە پڕیەتی لە سەروەری و بەرخودان و ڕاپەڕین و سەرهەڵدان، کە سەرهەڵدانەکەی 12 ی ئاداری ساڵی 2004ی قامیشلۆ و چەند شارێکی تری کوردنشین یەکێکەلەو سەروەریانەی کە کورد شانازی پێوە دەکات و ساڵانەش یادی دەکاتەوە، لەو ڕۆژەدا بەهەزاران کورد ڕژانە سەر شەقامەکان دژ بەو سیاسەتە دژ بە کوردەی ڕژێمی بەعس. لەئاکامدا زیاتر لە 33 کورد بەدەستی ئەو ڕژێمە شەهید و بەسەدانیش بریندار و زیندانی کران سەدانی تر بێسەروشوێن کران. وەنەبێ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا کوردایەتی لێ قەدەغە کرابێ ، بەڵکو بەسەدان هەزار کەس ناسنامە و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەشیان لێ قەدەغەکراوە کە بۆیان نیە وەک هاوڵاتیەک لە زانکۆکان بخوێنن و لە فەرمانگاکانیش کار بکەن، بەڕاستی ئەوە تاوانێکە دژ بە مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئێمە وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید، زۆر بەتوندی ئەو کوشتنە بەکۆمەڵە ڕیسوا و شەرمەزار دەکەین و سەری ڕێز و نەوازشیش بۆ ئەو شەهیدە سەربەرزانە دادەنەوێنین.

بەڕێزانم : هەر لەو ڕۆژەوەی کە کوردستانیان بەسەر ئەو وڵاتانەدا دابەش کرد و مافی نەتەوەیەکیان پێشێل کرد، ڕژێمە دیکتاتۆر و داگیرکەرەکان هەموو جۆرە شێوازێکیان گرتۆتە بەر بۆ لەناوبردن و قڕکردنی ئەو نەتەوەیە، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە چەکی کیمیاوی بەکار بهێنن کە چەند ڕۆژێکی تر یادی هەڵەبجە دەکەینەوە کە لە 16 ی ئاداری 1988 و لەماوەی چەند چرکەیەکدا نزیکەی 5000 کەس لەو شارەدا شەهید بوون و بەدەیان هەزاریش بریندار و دەربەدەر ، ئەوەتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕۆژ نیە کە کوردێ زیندانی نەکرێ ، یان لە سێدارە نەدرێ و ڕەوشی باکووری کوردستانیش لەوە باشتر نیە، کوردیش لەپێناو مانەوە و ڕزگاری و سەربەخۆییدا سەدان شۆڕش و سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی بەرپا کردوە، جا بۆ بەرەنگار بوونەوە دەگەڵ ئەو ستەمکاریانە و ڕزگار کردنی کوردستان لەدەست ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانە ، کورد پێویستی بە یەکیەتی و یەکگرتن هەیە، چونکە یەکگرتن هەوێنی سەرکەوتنە.

سڵاو و ڕێز بۆ جەماوەری خۆڕاگری ڕۆژئاوای کوردستان و نەمری و سەربەرزیش بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان ـ سوید

## پەیامی فیدراسیۆن بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە

بە بۆنەی ٨ ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنانەوە سڵاوی گەرمی خۆم ئاڕاستەی هەمووژنانی جیهان و کوردستان بە گشتی و ژنانی دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی ژنانی دانیشتووی وڵاتی سوید دەکەم و لە هەمان کاتدا گەرەمترین پیرۆزبایی خۆمیان پێشکەش دەکەم.

لە وڵاتی ئێمە هەموو هەوڵدانێکی ژنی کورد بۆ دابین کردنی کۆمەڵگایەکی یە کسان و دیموکراتییە ، بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادییە، بۆ پاشە ڕۆژێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ منداڵانە، بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ هەموو کوردستانییەکانە، لەم بوارەدا دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین بەبێ تێکۆشان و هەوڵدانی ژنی کورد بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و وەدەست هێنانی ماف و ئازادی، کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتەکەمان بە هاسانی وەلا ناچن و سەرکەوتن وەدی نایا.

لە هیچ جێگایەکی ئەم جیهانەدا ژن و پیاو خاوەنی مافی وەک یەک نین. تەنانەت لەوڵاتێکی وەکو سویدیش جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو هەر ماوە. بۆ وێنە لە زۆر شوێن کە ژن و پیاو کاری وەکویەک دەکەن، موچەی ژن لە مووچەی پیاو کەمترە. توندو تیژی دژ بە ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت، کاردانەوەی نەرێنی میدیاکان لە سەر کچی کورد هەروەکو کێشە کانی تر گرنگن .. دەبێ ئێمە بۆ مافی ژنان لەگەڵ ژنانی سوید کار بکەین و هەوڵ بدەین.

ئێمە هەموو دەزانین لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات زۆر ژنی کورد هەیە کە سەرکەوتوانە و چالاکانە لە ناو کۆمەڵگادا، لە ئاستێکی بەرزدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و لە نێو پیاوانی کوردیشدا زۆرن ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە یەکسانی مافی ژن و پیاو هەیە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین تێکڕای ژنانی کورد چەوساوە نین.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەڵدەکەوێ هێندێک ژن بەدەستی باوک و مێرد و کەس و کار لە ناو دەبرێن. ئەو دیاردەیەش بەڕێژەیەکی جیاواز لە هەموو جیهاندا بەرچاو دەکەوێ. ئە و دیاردەیە لەهەر شوێنێک ڕوو بدات من بە شیاوی مرۆڤی ئەو سەردەمەی نازانم و بە شەرمەزارییەکی <—— گەورەی دەزانم. لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئەو باوەڕەم بۆ بنەبڕ کردنی ئەو دیاردە دزێوە پێویستیمان بە خەباتێکی شێلگیر و پتەوی جیهانی هەیە.

هیوادارم کورد لەسەرتاسەری کوردستان بگەنە ئامانجی خۆیان و لە کۆمەڵگایەکی دوور لە چەوسانەوە و جیاوازیخوازی، یەکسانی مافی ژن و پیاو وەدی بێنن. خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە خەباتە بۆ دەستەبەر کردنی مافی مرۆڤ.

شەرمن بۆزئەرسلان

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید

******************

## پاراستنی پرۆسەی دێمۆکراتی ئەرکی هەموومانە

لە ئەنجامی ساڵەهای ساڵ تێکۆشان و خەباتی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان، لە هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازاد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرڵمانی کوردستان هەڵبژێردرا و حکوومەتی کوردستان هاتە دامەزراندن. بۆیە دەبێ ئەنجامی هەڵبژاردن قبووڵ بکەین، بە پێی بنەماکانی دێمۆکراسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرڵمانی کوردستان لەرێگای هەڵبژاردنەوە هەڵبژێردراون و هەر لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادیشەوە دەتوانرێ بگۆردرێن، نەوەک بە شێوازێکی دیکە. لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و ئاشتی و ئارامی وڵات و بەرژەوەندی گشتی و پێکەوە ژیانی گەلانی کوردستان، دەبێ هەموو لایەک پەیڕەوی لە پرینسیبەکانی دێمۆکراسی بکەن و پابەندی یاسا بن.

لەو بیست ساڵەی دواییدا باشووری کوردستان هانگاوی مەزن و گرینگی لە بوارەکانی دێمۆکراسی و ئازادیدا هاویشتووە، بۆ نموونە سەرۆکی کوردستان لە ڕێگای گەلەوە هاتۆتە هەڵبژاردن. ئەمەش نموونەیەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کورد خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی کە لە وڵاتی خۆیدا و بە ئازادی سەرۆکی خۆی و پەرڵمانی خۆی هەڵبژێرێ و حکومەتێکی کوردی دامەزرێنی. بۆیە پێویستە ئێمە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا شانازی بەو دەستکەوتانە بکەین و بیانپارێزین.

گەلەکەمان بۆ هێنانەدی ئەو دەستکەوتانە گەلێ قوربانی داوە، ئەرکی ئێمەیە کە خۆمان بە بەرپرسیار

<—— لاپەرەی 16





بەشداری فیدراسیۆن لە کۆنگرەی SIOS

رۆژی 28 ی مانگی گوڵانی ساڵی 2011 رێکخراوی SIOSS لە شوینی کۆمەڵەی سریان لە سۆدرەتێلیا کۆنگرەی خۆی پێکهێنا.نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان کە پێک هاتبوو لە خاتو شەرمین بۆزئەرسلان، خاتوو پرشەنگ توانا و کاک سەلام جزیری، بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون.
شایانی باسە بیست فیدراسیۆنی بیانی ئەندامی ئەو رێکخراوەن و لەو دەرەیەدا سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە ککوردستانیەکان وەک جێگری سەرۆکی رێکخراوی ناوبراو لە کۆمیتەی بەرێوەبەریدا هەڵبژێردرا.





پرۆژەی ماڵی پەروەردە
رێکەوتی 12-12-2010 لە ستۆکهۆلم لە شوینی ABF سیمینارێک لەسەر پرۆژەی ماڵێک بۆ پەروەردە کە ئەوە سێ ساڵە فیدراسیۆن کاری لەسەر دەکا، پێکهات. ئامانجی پرۆژەکە ئەوە بوو کە بۆ ئەوی ئەو لاوانەی سەربەخۆ هاتوون بۆ سوید لە کولتوور و دابونەریتی خۆیان دوور نەکەونەوە، ماڵباتێکی کورد دابمەزرێ.
لەو سیمینارەدا کە نزیک بە سەد کەس بەشدار بوون پەرتووکی ئەو پرۆژەیە لە ژێر سەردێری " دۆزینەوەی ماڵ" کە نووسراوەیەکی سەرۆکی فیدراسیۆنیشی تێدایە بڵاو کراوە.
پاشان نوێنەرانی حەوت فیدراسیۆن کە لەو پرۆژەیەدا پێکەوە کاریان کردبو، پانێلێکیان پێک هێنا.
لەو پانێلەدا سەرۆکی فیدراسیۆن دووپاتی کردەوە کە بۆ ئەوەی ئەومندالانە لەبەر هێندێ هۆکار ناتوانن دەگەڵ دایک بابی خۆیان بژێن یان ئەو لاوانەی تەنیا دێن بۆ سوید لە زمان و ناسنامە و کولتوری خۆیان دانەبرێن ماوەیەک لەو ماڵباتە بن.

## شار

گوڵم!
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتزارەکەت
وەرەز بووە گیانی من لە شار و هاڕە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاوویاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگە شەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بە دڵ دژی گزەم؟
لە شارەکەت کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان ڕایەڵە، کەلەپچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە سارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم
دەستی چێوییە
لە شارەکەت زەلیلە شێر،
باوی ڕێوییە
بە هەر نیگایەک و پەتایەکە
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
گوڵم هەرێمی زونگ و زەل
چلۆن ئەبێتە جاڕەگوڵ
لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم!
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەر تەوارەکەی عەشیرەتم
بە دارەتەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بەهاری دێ
ڕەنگی سوور و شین ئەدا
لە شیعر و عاتیفەی گەشم
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت، گوڵم!

*******************

## ڕاگەیەندراوی فیدراسیۆن بە دژی ئێعدام

هاووڵاتیانی خۆشەویست
بەڕێزان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و لایەنگەرانی ئازادی و دیمۆکراسی
بەڕێزان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزەرانی مافی مرۆڤ
هەروەک ئاگادارن، بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕاگەیاندنە گشتییەکاندا بڵاو کراونەتەوە لەو چەند حەوتوانەی دواییدا کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چاوترسێن کردنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بەتابەتی شەپۆلێکی تازەی ئێعدام کردن و لەسێدارەدانی ئازادیخوازانی ئێران بە گشتی و لاوانی نێشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی وەرێ خستۆتەوە. لەم بوارەدا کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەلارێدا بردنی بیروڕای گشتی لە بەرانبەر ئەو جینایەتانە، بەشێکی زۆری لە ئێعدام کراوەکان بە کرین و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان تاوانبار دەکات. لە حاڵێکدا بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانەوە بڵاو دەبنەوە بەشی هەرەزۆری ئەو قوربانییانە چالاکڤانانی مافی مرۆڤ بوون و لە ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤدا کاریان کردووە و هەر بەو تاوانەش ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەکانی ئێراندا دەستبەسەر بوون.
ئێمە وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە وڵاتی سوید، سەزای لەسێدارەدان لە ژێر هەرناوێک و بەهەر بیانوویەک بێ مەحکوم و شەرمەزار دەکەین و داواش لە هەموو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەکەین لەم بورەدا بێدەنگ نەبن و لە بەرانبەر ئەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لێبڕاوانە هەڵوێست وەربگرن.
فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان ـ سـوید
2011-01-31

دەستیپیانەوە وەزاڵە هاتبوو، خەم و خەفەتی دیلی و کۆیلەتی نەتەوەکەشی لێ دەبێتە سەرباری ئەو خەمانە و بیر و هەستی ناسک و بێگەردی ئازار دەدا و بەدوای ئەوینی ڕزگاری نیشتمانەکەیدا وێڵ و سەرگەردان دەبێ. ئە لە هۆنراوەی بەسۆزی "کچی بەیان"دا کە دەگەڵ خۆشەویستەکەی دەدوێ بەم شێوەیە هەستی دەروونی خۆی دەردەبڕێ و پێی دەڵێ:

خۆشەویستەکەم!
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین
فێر نەبووین بەزین و دابەزین
ڕانەهاتوە
چاوی قارەمانی کورد
بە شەونمی گرین
..........................

کاک سوارەی پەروەردەی نێو سروشتی جوانی کۆمەڵگای دڵ پڕاوپڕ لە نیازپاکی و مرۆڤ دۆستی و ڕاست وێژی کوردستان و کۆڕ و کۆمەڵی شارەزایانی نیشتمانپەروەری نەتەوەکەی خۆی، لە لایەک ئەویندارى یەکڕەنگی و ڕاستی و پاکی و لە لایەکی دیکەوە دژی درۆ و دووڕوویی قازانج پارێزی و نان بە نرخی ڕۆژ خواردن بووە. هەر بۆیە کاتێک سالەکانی 1968 ـ 1967 کۆمەڵێک ڕووناکبیری هەلپەرست لە ژێر پەردەی بیری چەپدا دەست دەکەن بە تیئۆریزە کردنی هۆکاری خۆپاراستن و بەزینی خۆیان لە شۆڕش، لە هۆنراوەی "خێڵی درۆ"دا پەردە لەسەر دیمەنی ناحەزیان هەڵدەداتەوە و بەو جۆرە بەگژیان دادێتەوە و دەڵێ:

ئێوە:
میراتگری کام جێ لەوەڕن؟
ئێوە،
حاشارگەیی ڕوبەندی وشە
بووکی بن تارای سوور
خوانەکا بای بەتەوژمی کوێستان
لابەرێ پەردە لەسەر بالاتان

<————

دەرکەوێ هەر دەکووژن دوورادوور
ئێوە:
کەی شێری چیان؟
بەردەماو خۆری توڵە و گورگی دڕن
........................

بە کەمێک وردبوونەوە لەسەر شێواز و سەبکی هۆنراوە و پەخشانەکانی کاک سوارە، تا ڕادەیەک دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە کاک سوارە زۆرتر پێڕەوی لە شێوازی نووسینی سەردەمی ڕۆمانتیک کردووە، هەروەک ئەوان وەسفی سروشت دەکا. لە داڕشتنی بەرهەمەکانیدا، قارەمانی داستانەکان یان هەڵقوڵاوی نێو کەش و هەوای بێگەردی کوێستانەکانی کوردستانن یان لە سەر دوندی چیا بەرزەکانڕا بۆ دابین کردنی ئەوینێکی پڕ لە خۆشەویستی و خەبات و بەرخودان و ئازادی بەرەو پێدەشتەکان دێنە خوارێ. ڕاشکاوانە دەڵێم لە نووسراوەکانی " گۆتە"ی ئاڵمانی گەلێک بەرزتر و هەست بزوێنترن.

بەڵام چەرخی چەپگەرد مەودای پێنەدا کە هەموو ئاواتەکانی وەدی بێنێ و کتێبخانەی کورد دەوڵەمەندتر بکا. زۆر زوو لە باوەشی گەل و نیشتمانەکەی ڕفاند. گەرچی دێوەزمەی مەرگ توانی جەستەی کاک سوارەمان لە ئامێز بێنێتە دەرێ، بەڵام بیر و هرز و وشە پڕ لەئەوینەکانی وەک تابلۆیەکی ڕازاوە بە گوڵی سروشتی کوردستان بەدایم لە بەر چاو و لە نێو مێشکی ئەویندارانی، خۆ دەنوێنن و دڵ و مێشکیان دەلاوێنێتەوە. دۆزینەوەی ڕستەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە باس لەسەر کاک سوارە کارێکی گەلێک گران و بەزەحمەتە، هەربۆیە لێرەدا پەنا دەبەینە بەر بارەگای شاعیری پایەبەرزی کورد مامۆستا حەقیقی و بە چوارێنەیەکی پڕ لە سۆزی کە لە شینی سوارەدا هۆندویەتەوە کۆتایی بە باسەکە دێنین و پاشان بە هۆنراوە بەناوبانگەکەی خۆی ماڵاواییتان لێ دەکەین.

ڕۆژی ڕوونم بەشـــەوی دەیجوورە
ســوارە دیـــداری قیامەت دوورە
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەڕەتی ژین بوو، چ وادەی شین بوو

وەگەڕدەخا و بە پێشکەش کردنی زنجیرە وتارێک لە ژێر ناوی تاپۆ و بوومەلێڵ، پێوەندییەکی بەتینی دەگەڵ ئەدەب دۆست و هۆنەر و نووسەرانی دڵ پڕ لە تاسەی کورد دادەمەزرێنێ. کاک سوارە بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە وەک مەسیح کە لە باوەشی دوژمنانی بیری خۆیدا خۆی پێگەیاند، لە پەنای نەیارانی زمان و کولتور و مێژووی نەتەوەکەی شۆڕشێکی لە ئەدەب و وێژەی کوردیدا بەرپا کرد کە بۆ هەتاهەتایە شوێنەواری لە مێژووی وێژەی کوردیدا دەمێنێتەوە، بەڵام داخەکەم دێوەزمەی ئەجەل مۆڵەتی پێنەدا کە ئەو ئاواتەی کە هەیبوو وەدی بێنێ و یەکەم مانگی زستانی ساڵی 1977 ی زایینی ، کاتێک کە لەسەر کار دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ وەبەر ماشێنی یەکێک لە هاوکارەکانی دەکەوێ و دوای چەند ڕۆژ بەربەرەکانی دەگەڵ مەرگ بۆ هەتاهەتایە چاوەکانی لەسەریەک دادەنێ و ماڵاوایی لە ئەویندارانی هەستی خاوێن و بێگەردی خۆی دەکا و بەرپرسایەتی درێژە پێدانی ئەو ڕێبازە دەخاتە سەرشانی ئەوان.

**بیر و هرزی کاک سوارە لەسەر ئەدەب و وێژەی کوردی:**

ئەگەر بمانهەوێ بەتەواوی لەسەر بیر و هرز و هونەر و هۆنراوە و پەخشانەکانی کاک سوارە بدوێین بێگومان دەبێ چەندین پەڕاوۆکی لەسەر بنووسین و ماوەیەکی زۆریش بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی مانا و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی تەرخان بکەین. هەربۆیە لێرەدا تەنیا دڵۆپێک لەو زەریا پان و بەرین و بێبنە دێنینە بەرباس و باقی ئەو کارە قورس و پڕ ئەرکە بە زانایانی بواری وێژەی کوردی دەسپێرین.

هەروەک لە باسی ژیاننامەی کاک سوارە دا باسمان کرد، کاک سوارە ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی ساماندار و ناسراو و ئەدەب دۆستی موکریاندا پێی نایە سەر ئەم جیهانە و پاشان توانی لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ و دەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ، لە زەحمەتکێشانی ناو گوندەکانڕا بگرە تا دەگاتە فەقێی حوجرەکان و مامۆستای مزگەوتەکان و باس و خواستی دیوەخانی ئاغاکان تێکەڵاو بێ. لە لایەکی دیکەشەوە هەر لە تەمەنی لاویدا چەرخی چەپگەردی زەمانە دەگەڵی کەوتە بەربەرەکانی و هەموو ژیانی دەگەڵ ڕەنج و کوێرەوەری ڕابوارد و لەتەک تاڵی و سوێری ژیان بوو بە هاودەم و بۆ ساتێکیش لێک هەڵنەبڕان.

کاک سوارە ئەو ئەزموونانەی ژیانی تێکەڵاو بەو زانستانە کرد کە لە زانکۆ وەدەستی هێنابوون و لە هۆنراوە و پەخشانەکانیدا تابلۆی بەرهەمەکانی خۆی پێ دەڕازاندنەوە و پێشکەش بە ناوماڵی وێژەی کوردی دەکرد. هەروەک لە بەرهەمەکانیشی دەردەکەوێ کاک سوارە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگا بیری تایبەت بەخۆی هەبووە.

**سوارە و ئەوین:**

لە ڕوانگەی کاک سوارەوە ناکرێ ئەوین لە چوارچێوەی خۆشەویستی و حەزلێکەری یان ویست و ئاواتی پێک گەیشتنی پیاوێک و ئافرەتێکدا بەرتەسک و قەتیس بکرێتەوە. لەو بوارەدا دەڵێ: ئەوین نەفسی ژیانە. جوانییە، پاکییە، خۆبەخت کردنە، ڕەنج کێشانە و دەگەڵ دەردا جووت بوونەوە. تەنیا لە هەرێمی ئەویندا ئەم ڕازە بەرزە یەزدانییە مانای هەیە: بژی بۆ ئەوین، بمرە بۆ ئەوین.

کاک سوارە کە سەردەمی منداڵی و لاوی خۆیدا لە باوەشی سروشتی جوان و دوور لە هاڕەهاڕی گوندە خنجیلانەکەی قەرەگوێز و لە ناو خەڵکێکی نیازپاک و دوور لە درۆ و دووڕوویی فێڵ و فەرتەنەدا تێپەڕاندوە و پاشان بۆ درێژە پێدان بە خوێندن ڕوو دەکاتە شاری پڕ لە هەراهەرا و هاڕەهاڕ و دوور لە هەستی خۆشەویستی و ئەوینی ڕاستەقینە، ئەو دوو کۆمەڵگایە پێکەوە هەڵدەسەنگێنێ و لە بەشێک لە هۆنراوەی شاردا هەستی خاوێن و بێگەردی خۆی بەم چەشنە دەردەبڕێ:

ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نێئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕبەدڵ دژێ گزەم
لە شارەکەت کە ڕەمزی ئاسن و مونارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە

کاک سوارە سەرەڕای هەموو ئەو ئێش و ئازارانەی کە هەر لە تەمەنی لاویدا بەربینگیان پێ گرت و بە

بۆ لاپەڕەی 12

فەقێ و کۆڕی مامۆستا ئایینییەکانی دەوەری گوندە خنجیلانەکەی قەرەگوێز بجێ دەهێڵێ و دێتە شاری بۆکان.
ئەو کۆچەش سەرەتایەکی دیکەی پڕ لە دەرد و کوڵی لە ژیانی کاک سوارەدا لێکەوتەوە. کاک سوارە کە هێشتا زامی برینەکانی دڵی بەپەرۆشی بۆ ژیانی پڕ لە ئەوینی بێگەرد و ساکاری ڕابردووی ناو سروشتی سارێژ نەببوونەوە، دێوەزمەی نەهاتی دێتە تووشی و بەربینگی پێدەگرێ و نەخۆشێکی قورس و بێ ئەمانی لاق ئێشەی بەگژدا دەکا و بڕستی لێ دەبڕێ و کاک سوارەی پەروەردەی کەژ و کێو و شاخ و بەندەن و پێدەشتەکانی ناو سروشت ماوەیەکی زۆر لە جێدا دەکەوێ. پاشان کە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییەکەی دەیبەن بۆ تەورێز لە نەخۆشخانەی ئەمریکاییەکان دەیخەن، بەشێکی زۆر لە جەستەی بێ هێز و کلۆڵی لە گێچ دەگرن. سوارەی سوارچاکی مەیدانی ڕمبازێن و تەقڵە و ئەویندارى شاخەوانی و ژیانی نێو سروشتی مەڵبەندی موکریان، لە بەر ئێش و ئازاری ڕادەبەدەری جەستەی شەکەتی خۆی، ئەوەندە لە ژیان بێزار دەبێ کە زۆرجاران ئەو هۆنراوەیەی خوێندۆتەوە:

**پەژارە و مەینەت و دەرد و نەهاتی**
**هەموو هاتن ئەجەل هەرتۆ نەهاتی**

هێشتا هەر لەسەر تەختی نەخۆشخانە وەک مەلێکی باڵشکاوی ناو قەفەز لە جیگادا دەبێ کە چەرخی چەپگەرد جارێکی دیکە چنجرووکێکی دیکە لە لەشی بێ جووڵە و بڕست لێبڕاوی کاک سوارە دەگرێ و نەخۆشی چڵکی کیسەی سەفرای دەگەڵ خۆی بۆ بەدیاری دێنێ. دوکتۆرەکان تێکڕا پێیان وادەبێ ئەگەر کیسەی سەفرای عەمەل نەکرێ نەخۆشیەکە دەکووژێ. لە لایەکی دیکەشەوە بەگومان دەبن لەوەی کە ئەو جەستە لاواز و بێ هێزە کە تەنیا هەر پێست و ئێسکی پێوەمابوو لەژێر ئەو عەمەلە قورسە دەرچێ. چار نەبوو ئەو ئەگەرە کەمەیان کە بۆ ڕزگاری لەدەستی دێوەزمەی مەرگ بەدی دەکرد هەڵبژارد و عەمەلیان کرد. سوارە کە لە چارەنووسیدا نووسرابوو کە ڕۆژێک دەبێ ببێ بە ئەستێرەیەکی ئاسمانی ئەدەب و وێژەی کوردی لەو عەمەلەش دەرچوو. بەڵام چ دەرچونێک؟ دوای چوار مانگ لە

<———

نەخۆشخانە مانەوە بە لەشێکی زامدار و بێ جووڵە و هەناسەی پڕ لە تاسەوە دەیهێننەوە بۆ ماڵێ. ئەو کە هەموو ژیانی پڕ بوو لە بەربەرەکانی دەگەڵ تاڵی و سوێری ژیان و بەچۆکداهاتنی نەدەناسی، پاش سێ ساڵ لەسەر جێ کەوتن، وەک منداڵێک دەست دەکاتەوە بە دارەدارە و پێ دەگرێتەوە و بەگۆچان دەست دەکاتەوە بە ڕۆیشتن و دێتەوە ناو کۆڕی هەوالانی.
کاک سوارە دوای ڕزگار بوونی لەو ڕەنج و مەینەتە دەست دەکاتەوە بە خوێندن و خوێندنی ناوەندی لە شارەکانی بۆکان و تەورێز سەرکەوتوانە تەواو دەکا و ساڵی 1962 ی زایینی لە تاقیکردنەوەی زانکۆی تاران بەشداری دەکا و لە بەشی یاسای دادوەری تاران وەردەگیرێ.
هەر لەو ساڵەدا مەلی ئەوین لەسەر نەمامی باخی بەهاری ژیانی کاک سوارە هەڵدەنیشێ کچێکی ئازەری لەناو دڵی پڕ لە خۆشەویستیی کاک سوارەدا هێلانەی خۆی دەتەنێ و بەجۆریك لە دەریای بێ بنی خۆشەویستیدا نوقمی دەکا کە کاک سوارە هەموو داب و نەریتەکانی بنەماڵەیی دەشکێنێ و بێ پرسی بنەماڵە و خزمان ژیانی هاوبەشی دەگەڵ دەست پێدەکا و بەدەستەنگی و هەژاری ژیانی خۆیان درێژە پێدەدەن.
سەرەڕای ئەو دەستەنگی و هەژارییە ساڵی 1964 ی زایینی وەک باقی نیشتمانپەروەرانی وڵاتەکەی دەکەوێتە بەر پەلاماری ڕەشبگیری دەزگای سەرکوتکەری ڕێژیمی حەمەڕەزاشا و لە بەندی خانەی قزڵقەلعەی تاران زیندانی و ئەشکەنجە دەکرێ. وەک دۆست و هەوالانی باس دەکەن دوژمنانی ئازادی زۆر جاران ئەوەندە دڕندانە ئەشکەنجەیان داوە کە بە لەشی لەخوێندا شەلاڵەوە بێهۆش دەبێ و بەو حاڵەش ناتوانن ئێعترافی لێ وەرگرن و لە بەرانبەر ئیرادەی پۆڵایینی کاک سوارەدا بەچۆکدادێن. هەربۆیە دوای ئازاد بوونی لە بەندیخانە دەست دەکاتەوە بە دەرس خوێندن و ساڵی 1968 ی زایینی دەرسەکانی تەواو دەکا لە بەشی کوردی ڕادیۆ تاران دادەمەزرێ و کاردەکا.
کاک سوارەی ئەویندارى سروشت و ئەدەب و وێژەی کوردی لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ و هەموو توانای خۆی بۆ گەشەپێدانی ئەو ئەوینە بەتینە

بۆ لاپەڕەی 11



یادێک لە کاک سوارە
نووسین و ئامادە کردنی
قاسم قارەمانی

کێیە ئەو بازە بەرزەفڕە نەترس و دڵ پڕ لە ئەوینەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی؟ چۆن هاتە سەر زەی و چۆن ژیا؟
کاک سوارەی ئێلخانی ساڵی 1937 ی زایینی لە بنەماڵەیەکی ناوداری عێلی دێبۆکری لە دیک بووە و کوڕی ئەحمەد ئاغای ئێلخانییە و لە نێو ئەدەب دۆستان و هۆنەراندا بە کاک سوارە ناوبانگی دەرکردووە. کاک سوارە سەرەڕای تەمەنی کورتی یەکێک لەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی ئەدەب و وێژەی کوردە کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە.
کاک سوارە ئەگەرچی لە گوندی تورجان پێی ناوەتە جیهانی پڕ لە ئێش و ئۆفەوە، هەر منداڵ دەبێ کە باوکی ئەو گوندە دەگەڵ گوندی قەرەگوێز دەگۆڕێتەوە و ماڵیان دەچێتە ئەو گوندە و لەوێ پێ هەڵدەگرێ. ئەگەر بەوردی بچینە سەر باسی ژیان و بەسەرهاتەکانی کاک سوارە دەبینین کە کاک سوارە دەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ناودار ناسراوی موکریاندا ژیاوە، چەرخی چەپگەردی زەمانە وەک دوژمنێکی لە ئاشتی نەهاتووی قین لەدڵ شاباڵی کۆتری ئاوات و ئامانجەکانی تێک شکاندوە.
کاک سوارە هەر منداڵ دەبێ و تازە هەست بەخۆشی تین و گوڕی پڕ لە خۆشەویستی ناو باوەشی دایک دەکا کە دێوەزمەی ئەهریمەنی هەموو ئەو خۆشییانە بەتاڵان دەبا و ئەو هێلانە پڕ لە ئەوینەی دەباتە ناو گۆڕی تەنگ و تاریکەوە. بەو جۆرە کاک سوارە دەکەوێتە ناو زەریای پڕ لە شەپۆلی بەتەوژمی ئاە و ناڵەی بێ دایکێوە. بەڵام ڕەوڕەوەی ژیان دەبوو بڕواتە پێش و سوارە فێری زانست و ئەزموونی ژیان بێ. هەر بۆیە لە گوندی قەرەگوێز لە قوتابخانەیەکی تایبەتیدا دەخرێتە بەر خوێندن. کاک سوارە قوتابییەکی بەتوانا دەبێ
——>

و ئەوەی مامۆستاکانی پێی دەڵێن زۆر زوو فێریان دەبێ و لەبەریان دەکا. بەڵام وەک دەگێڕنەوە گۆیا زۆر سەربزێو دەبێ، زۆرجار لەبەر سەربزێوی لێدانی خواردووە. لەبەر ئەوە دەبێ یان هەرچێکی تر زۆر درێژە بەخوێندن نادا و ڕوو دەکاتە نێو کۆڕی هاوتەمەنەکانی خۆی لەو گوندە. بەو جۆرە دەرس و وانەی ئیشک و ڕەقی قوتابخانە بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە زانکۆی سروشتی ڕازاوە بە گوڵە نەخشین و بۆنخۆشەکانی بەهاران و ویشکەڕۆ و گەرمی هاوینان و سارد و سڕی پاییزی پڕ لە گێژەڵووکە و گەڵاڕێزان و سڕی داپۆشراو بە بەفری زستان. بەم شێوەیە سوارەی ئەویندار سروشت و دیمەنە جوانەکانی کوردستان بەبیرێکی تیژ و هەستێکی ناسکەوە تێکەڵاوی کۆمەڵگای کوردەواری دەبێ و لەنێو هەموو چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا، لە شوان جوتیار و دورێنەوان و فەقێکانی حوجرە و کۆڕی مامۆستایانی ئایینێوە بگرە تا دەگاتە دیوەخانی ئاغا و عەشیرەتەکان جێگای خۆی دەکاتەوە. هەر لە زانکۆیە گەلێک تابلۆی هەست بزوێنی ئاوێنەی باڵانوێ نیشتمانەکەی و ژیانی پڕ لە ئێش و ئازاری نەتەوەکەی لە بیری بەهێزی خۆیدا پاشەکەوت دەکا و دەیانکاتە سەرچاوەی لەبن نەهاتووی ژیانی پڕبایەخی هۆنراوە سیحراوییەکانی خۆی.
هاوینی ساڵی 1954 لە کاتێکدا کە کاک سوارە تازە خەریک دەبێ تام و کێژی ژیانی پاک و بێگەردی ناو سروشتی گوندەکەی هەست پێ بکا و تاڵی و سوێری و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی کۆمەڵگایەکەی لێک جیا بکاتەوە، باوکی ماڵی لە قەرەگوێزەوە دەگوێزێتەوە بۆ بۆکان. بەو جۆرە کاک سوارە هێلانەی کۆتری ئەوین و خۆشەویستییەکانی لێ دەشێوێ و بە دڵێکی پڕ لە تاسەوە هەواڵانی ناو دەشت و شیو و دۆڵ و چیا سەرکێشەکان و حوجرەی

بۆ لاپەڕەی 10

## ڕاپۆرتی کۆنفرانسی ساڵانە

ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 14ی گوڵانی ساڵی 2011، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی پێک هێنا.

کۆنفرانس کاتژمێری 11ی سەرلەبەیانی بە خوێندنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب و پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەمان، کاری خۆی دەست پێکرد.

لە سەرەتادا سەرۆکی فیدراسیۆن شەرمین بۆزئەرسلان ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی فیدراسیۆنی پێشکەش کرد.

پاشان سکرتێر و بەرپرسی بەشی دارایی و کومیتەکانی کار و پێوەندی و ڕاگەیاندن کورتەیەک لە کار و چالاکی خۆیان پێشکەش کرد.

دوابەدوای ئەوە نۆبە گەیشتە باس لەسەر ڕاپۆرتەکە و ئەندامانی کۆنفرانسەکە زۆر چالاکانە بەشداریان کرد و بۆچوونی خۆیان لەسەر ڕاپۆرتەکە دەربڕی.

دوای تەواو بوونی پرسیارەکان سەرۆکی فیدراسیۆن و سکرتێر و باقی ئەندامانی کۆمیتەی کارگێر وڵامی پرسیارەکانیان داوە.

لە دوایین بەشی کونفرانسەکەدا ئەندامانی کۆنفرانس بە هێنانەگۆڕی کۆمەڵێک پێشنیار، بە تێکڕای دەنگ ڕاپۆرتەکەیان پەسند کرد و بەم جۆرە کۆنفرانس دوای نزیک بە 4،5 کاتژمێر باس و لێکۆلینەوە لەسەر ڕاپۆرتەکە کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

## چەند وێنەیەک لە کۆنفرانسی ساڵانە









# ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی 2011

ڕۆژی 16ی خاکەلێوەی 2011 فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان ، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە لۆکاڵی سۆڵنا هاڵن ئاهەنگێکی قەشەنگی سازکرد کە تیایدا گروپی هەڵپەڕکێی کۆمجوان و گروپی فۆلکلوری ئۆپسالا ئاهەنگەکەیان ڕازاندەوە. هەروەها نوێنەری پارتەکانی سویدی، پارتی چەپی سویدی یاکوب یانسۆن، پارتی مۆدێرات ڕێبوار فرێدون ، پارتی گەل فرێدریک مالم کە لە پارلەمانی سویدا سەرۆکی نێتۆرکی کوردستان / سویدە، بە وتار بە شداریان کرد. هەروەها دۆستی کوردان و سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید مۆنا سالین وەکو میوان بەشداری کرد و لەوتەکەیدا <——— داوای سەرکەوتنی بۆ گەلی کورد کرد. سەرۆکی فیدراسیۆن شەرمن بۆزئەرسلان سوپاسی مۆناسالینی کرد بۆ ئەو پشتگیرییە چەند ساڵەی لە خەباتی کوردان لەپێناو پەرەپێدانی فرە کولتوری، دژ بە نەژاد پەرستی کردوویەتی و لە وتارەکەیدا بە کوردی و سویدی ئاماژەی بە ڕووداوەکانی کوردستان و کار و خەباتی فیدراسیۆن بۆ دیموکراتی و یە کسانی کرد . هە روەها مەولود عەبدل زادە پە یامی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کوردو کوردستانی پێشکەش کرد، هونەرمەندانی دەنگ خۆشی هەرچوار پارچەی کوردستان: ( ناسری ڕەزازی، محەمەد تەها ئاکرەیی، محەمەد عەزیز، هێلین ئاهەنگەکیان ڕازاندەوە.







## ئاهەنگی یادی 30 ساڵە

- هاوکاری ڕێکخستنەکانی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی ( چ سویدی ، چ بیانی ) دەکات.
- فیدراسیۆن بۆ مافی بیانی و پەنابەران بە پێی پەیامی نێونەتەوەیی و پرینسیپی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ خەبات دەکات.
- کارکردن لە دەزگایەکی وەها نەتەوەیی و دیموکراتی کە 30 ساڵە خزمەتێکی گەورە بە ڕەوەندی کورد لەم وڵاتە بە تایبەتی و دۆزی میللەتەکەمان بە گشتی دەکا، کارێکی ئاسان نییە، جگە لە وەی کە ماندووبوون و هەوڵ و کۆششێکی زۆری پێویستە، لە هەمان کاتیشدا وەک کارێکی نەتەوایەتی و کلتووری دەبێ هەموو کورد سەرفراز بێت وشانازی پێوە بکات.

دواین بەشی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ بەرنامە و ئاهەنگی هونەری، کە هونەرمەندانی دەنگ خۆش خاتو پرشەنگ توانا، .... بە دەنگی زوڵاڵی خۆیان دیمەنێکی تایبەتیان بە شەوئاهەنگەکە بەخشی و ئاهەنگەکە تا کاتژمێری 1ی شەو درێژەی کێشا

***************

## سیمیناری پشتگیری لە زیندانیانی سیاسی نەتەوەکانی ئێران

ڕۆژی 20 ی ئاداری ساڵی 2011 سیمینارێک لە ستۆکهۆڵم بۆ پشتیوانی لە خیندانیانی سایاسی نەتەوەکانی ئێران پێکهات. ئەو سیمینارەدا کە لەلایەن کۆمیتەی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی نەتەوەکانی ئێران و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید ئامادەکاری بۆ کرابوو، کوردۆ باکسی بەڕێوەبەری بوو.

سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان شەرمین بۆزئەرسلان لەسەر بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات باسێکی پێشکەش کرد و گوتی: بە هەزاران کەس لە نەتەوە جۆراجۆرەکانی ئێران بە تاوانی خەباتی سیاسی بۆ دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و نەتەوەی لە زیندانەکانی ئێراندا بەند کراون و حکومەتی ئێران دەرگای خۆی لەسەر ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی داخستوە. پرسی ئێعدام لە ئێران بۆتە پرسێکی جیهانی. بۆز ئەرسلان هەروەها ڕاگەیاند کە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان پشتیوانی لە خەباتی پشتگیری لە زیندانیانی سیاسی نەتەوەکانی ئێران دەکا و ئاکامی ئەو سیمینارە بڵاو دەکاتەوە و داوا دەکا بەبێ مەرج هەموو بەندکراوانی سیاسی ئازاد بکرێن.

شەفیق کەیا بەناوی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستا و نوینەری کۆمیتەی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی نەتەوەکان باسێکی لەسەر ئامانجی سیمینارەکە پێشکەش کرد. نوێنەری کۆمیتەی خەبات بۆ پشتگیری لە زیندانیانی سیاسی " ناسر حەیدەری" لەسەر 32 ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمی مەلایان قسەی کرد و هەڵسوکەوتی ڕێژیمیان دەگەڵ نەتەوە جۆراجۆرەکانی ئێران و ڕەوشی زیندانیە سیاسیەکانی خستە ڕوو. لە نێوبەندی کاری سیمینارەکەدا فیلمێکی دێکۆمێنتی لەسەر بار و دۆخی سیاسی ئێران، بەتایبەتی زیندانیەکان نیشانی ئامادە بوان درا.

پاشان سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر مێهدی زانا کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ زیندانی ئەشکەنجەی دیوە، باسێکی ئەوەندە دڵتەزێنی پێشکەش کرد کە کاریگەریەکی قووڵی دەرونی لەسەر ئامادەبوان دانا و تەنانەت بۆخۆشی نەیتوانی تاسە درێژە بە باسەکەی بدا.

ئارهی هامێدناجا لە حیزبی سۆسیاڵ دێمۆکراتی لە لایەن تۆڕی سوید - کوردستان لە پارڵمان، کە ئەندامانی پارڵمانی سەر بە پێنج حیزبی سویدی تێدایە پشتگیری خۆی لە زیندانیانی سیاسی ڕاگەیاند.

ئێدریس ئەحمەدی خوێنکاری دەورەی دوکتۆرا لە زانستی سیاسی بە لێکدانەوەیەکی ورد و زانستیانە لەسەر سیاسەتی ئێران بەگشتی و نەتەوەکانی ئێران و مافی مرۆڤ و هەلومەرجی سیاسی ئێران بەتایبەتی باسێکی پڕناوەرۆکی پێشکەش کرد.

# ئاهەنگی 30 ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان

ڕۆژی 14ی مانگی مای ساڵی 2011 فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان بە بۆنەی تێپەڕ بوونی 30 ساڵ بەسەر تەمەنی خۆیدا ڕیوڕەسمێکی بەشکۆی بە بشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئێد کە پێکهاتبوون لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد و کوردستانی و نوێنەرانی کۆمەڵەکانی ئەندامی فیدراسیۆن و ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ئەو 30 ساڵەدا ساڵانێک لە فیدراسیۆندا بەرپرسایەتیان هەبوە، لە ڕستوڕانی دارین لە شاری ستۆکهۆڵم پێک هێنا.

شایانی باسە کە لەو ڕێورەسمەدا لەسەر بانگهێشتی فیدراسیۆن، سەرۆکی تۆڕی سوید – کوردستان لە پاڕلمانی سوید و ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی گەل ( فرێدریک مالم ) و هەروەها سەرۆکی کۆنفیدراسیۆن، ڕێکخستنەکانی ئەتنیکی لە سوید ( سێۆس ) کە فیدراسیۆنیش ئەندامە تیایدا، ( بیژەن شافیعی ) لەو ئاهەنگەدا بەشدار بوون.

لەسەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا ئەندامانی پێشوی فیدراسین کە لەماوەی ئەو 30 ساڵەدا بۆ ماوەیەک ئەرکی ئەندامەتیان لە کۆمیتەکانی فیدراسیۆندا پێ سپێردرابوو، کورتە باسێکیان لەسەر روانگەو بیرو بۆچون و بیرەوەرییەکانی خۆیان لە فیدراسیۆندا پێشکەش کرد.

دوابەدوای ئەوە لە ئێوارە خوانێکدا کە هەر بەو بۆنەوە ئامادە کرابوو.

پاشان سەرۆکی فیدراسیۆن شەرمن بۆز ئەرسلان بەو بۆنەیەوە وتارێکی لەسەر مێژووی فیدراسیۆن و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرد.

دوابەدوای وتاری سەرۆکی فیدراسیۆن، سەرۆکی کۆمیتەی پەرلەمانی سوید- کوردستان، فرێدریک مالم وتارێکی پێشکەش کرد، باسی لە ڕۆڵی باشی فیدراسیۆن کرد وچالاکییەکانی فیدراسیۆن و ئاستی پێوەندی خۆیانی دەگەڵ فیدراسیۆن بۆ بەرەوپێش بردنی کارەکان بەرز نرخاند و لەلایەن بەشداربوانەوە بەچەپڵە لێدان پێشوازی لێکرا.

پاشان "بیژان شافیعی" سەرۆکی کۆنفیدراسیۆنی، ڕێکخستنەکانی ئەتنیکی لە سوید "سێۆس" کە فیدراسیۆنیش ئەندامە تێدا، لە وتارێکدا کە پێشکەشی کرد، ئاماژەی بەوە کرد کە لە ناو سێۆسدا فیدراسیۆن چالاکترین ئەندامە، هەر بەو بۆنەیەوە وەکو سوپاس و ئەمەگناسی بۆ خەبات و تێکۆشانی فیدراسیۆن، دیاریەکی پێشکەش بە سەرۆکی فیدراسیۆن کرد.

لە بەشی دواتری ڕێوڕەسمەکەدا شەفیق کەیا لەسەر ناوی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کانی کوردو کوردستانی لە سوید وتارێکی پێشکەش کرد و گرنگی فیدراسیۆنی وەک ڕێکخستنێکی دیموکراتی و نە تەوەیی هێنایە بەرباس و پشتگیری کۆمیتەی هاوکاری بۆ فیدراسیۆن ڕاگەیاند.

لە کۆتاییدا سەرۆکی کۆمکار کۆڤان ئامەدی لە وتارەکەی خۆیدا وێڕای پیرۆزبایی 30هەمین ساڵی دامەزرانی فیدراسیۆن باسێکی لە سەر پێویستی بوونی فیدراسیۆن لە ناو ڕێکخستنەکانی دێموکراتیدا لە ئەوروپا پێشکەش کرد و مێژووی دامەزران و ئامانجەکانی فیدراسیۆنی بەو جۆرە بەرز نرخاند:

- فیدراسیۆن لە22 ی گوڵانی 1981 دامە زرا. فیدراسیۆن ڕێکخستنێکی بێلایەنە و گرێدراوی هیچ پارتێکی سیاسی نییە لە کۆمەڵە کوردیەکان و یەکێتی کورد پێک هاتووە.
- فیدراسیۆن لە ناو ڕێکخستنە کانی کوردا وەک نمونەیەکی دیار و وەک چە ترێک وایە کە هەموو پارچەکانی کوردستان لە باوەش دەگرێ.
- کوردانی سوید بە کۆمەڵگای سوید ئاشنا دەکات و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو پرسی فرەکلتوری خەبات دەکات
- فیدراسیۆن خەبات دەکات بۆ : پرسی زمان ، ناسنامە وکلتورو ڕۆشنبیری
- بۆ دیموکراتی و یەکسانی و کێشەی کەمئەندامان کە بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن، کار دەکات.
- پشتگیری لە پەنابەرانی کورد دەکات کە بە تەنیا هاتوونەتە سوید و بۆ مافی پەنابەری و باشکردنی ڕەوشیان هەوڵ دەدات.
- گەلی سوید ئاشنا دەکات بە پرسی کوردستان و داوای پشتگیری دەکات بۆ دۆزی کوردو چارەسەری کێشەی کورد بە ڕێگای ئاشتی.

بۆ لاپەڕەی 6

## پەیامی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی

سی ساڵەی فیدراسیۆن لە نەتەوەی کورد پیرۆز بێ
بەڕێزان سەرۆکایەتی و کادیرانی هێژای فیدراسیۆن
بەڕێزان نوێنەرانی پارتە سیاسی و دیموکراتەکان
ئامەدەبوانی هێژا
لەگەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم بەخێرهاتنی هەموو لایەک دەکەم
هێژایان

ئێمە وەک کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی لە سوید کە نوێنەرایەتی ٢٧ پارتی سیاسی لەهەر چوار پارچەی کوردستان دەکات ، گەلێ دڵشاد و سەربەرزین بەوەی کە دەزگایەکی نەتەوەیی و دیموکراتی کورد لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانێکی بێ وچان گەیشتۆتە سی ساڵەی دامەزراندن.

سی ساڵەی فیدراسیۆن، سی ساڵ خەباتی دیموکراتی و نەتەوەیی لە هەموو کوردەکانی سوید و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و نەتەوەی کورد پیرۆز بێ.

بێگومان فیدراسیۆن بە خەبات و بەشداری کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان لەبوارەکانی خەباتی دیموکراتی و خەباتی لوبی کوردی و ناساندنی دۆزی میللەتەکەمان سەرکەوتوو بووە.

نەک بەتەنیا کوردەکانی سوید و ئەورووپا، بەڵکو کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان پشتگیری فیدراسیۆن دەکەن و باوەڕ بە کار و خەباتی دەکەن و وەک نوێنەرایەتی کوردان هاتۆتە پەسەند کردن.

بەڕێزان : سی ساڵ بەر لەئێستا کوردانی وڵات پەروەری هەرچوار پارچەی کوردستان فیدراسیۆنیان وەک ماڵی کوردان دامەزراند.

کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی فیدراسیۆن وەک ماڵی کوردان دەبینێ، فیدراسیۆن بە پڕ ڕەنگی و پڕ دەنگی خۆی نموونەیەکی کۆمەڵگای کوردیە، هەر لەبەر ئەوەیە کوردی بەشەکانی کوردستان، بەژن و پیاو و کوڕ و کچ و زاراوە و سیاسەت و ئاینی جوودا، هەموو بەیەکەوە لەژێر ئەو چەترە کۆبوونەتەوە و بۆ سەرکەوتنی خەبات دەکەن.

فیدراسیۆن بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد و گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆی لە بوارەکانی



زمان و کلتووری گەلێ خەباتی سەرکەوتوانەی کردوە، هەر لەو سی ساڵەی خەباتی خۆیدا فیدراسیۆن توانیویەتی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ پارتە سیاسی و دیموکراتەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دروست بکات.

ئێمە بەناوی کۆمیتەی هاوبەش لەگەڵ فیدراسیۆندا خەباتی هاوبەشمان کردووە و هیوادارین ئەو هاوکاریە بەشێوەیەکی باشتر و بەرفراوانتر بەردەوام بێت.

ئێمە لەکاتێکدا بەشایی یادی سی ساڵەی فیدراسیۆن دەکەینەوە، لەجیهانی عەرەبی و لەباکووری ئەفریقا گەل ئازادی و دیموکراتی دەخوازێ و دژی دیکتاتۆرەکان خۆپێشاندان دەکەن، ئێمە وەک کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی پشتگیری لە جێ بەجێکردنی ئازادی و دیموکراتی دەکەین، لە سووریا لەئاکامی خۆپێشاندانە جەماوەریەکەی دژ بە ڕژێمی بەعس بەسەدان شەهید و سەدان کەس زیندانی کراون و تاوەکو ئێستاش بێسەروشوێنن.

ئێمە لەو ڕەوشەی ئەمڕۆدا یەکێتی کورد زۆر بە گرنگ دادەنێین، بەتایبەتی یەکێتی کوردانی سووریا، ئێمە وەک کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد کوردستانی پشتیوانی خۆمان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دووپات دەکەینەوە، داواکاریشین لە فیدراسیۆن و هێزە سیاسیەکان و هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر هەمان هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر ئەو بەشانەی کە تاوەکو ئێستا بندەستی دوژمنانن. نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی سەربەرزە و مافەکانی خۆی دەپارێزێ، ئێمە لەپێناو مافە ڕەواکانمان خەبات دەکەین، جارێکی تر سی ساڵەی دامەزرانی فیدراسیۆن پیرۆز دەکەین و سەرفرازی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین .

بژی یەکێتی نەتەوەی کورد . بژی کورد و کوردستان
کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و
کوردستانی ـ سوید
2011 / 5 / 14

## پەیامی سەرۆکی فیدراسیۆن بە بۆنەی سی ساڵەی فیدراسیۆن

بگەڕێنەوە بۆ وڵات. ئەو کاتە ئەوانەی ٥٠ ساڵ بوون ئێستا ٨٠ ساڵن، ئەوانەی ٣٠ ساڵ بوون ئێستا ٦٠ ساڵن، ئەوانەی ٢٠ ساڵ بوون ئێستا ٥٠ ساڵن.

بەشدارانی بەڕێز : بەوتەیەکی تر کاتی ئەوە هاتووە کە ئاڵوگۆڕ بکرێ. بەڵام من باوەڕ ناکەم ئەم مۆدێلی ڕێکخستنە، ئەم ستروکتورە، ئەم خەباتکردنە لەگەڵ کاتی ئێستادا بگونجێ، ئێستا خەڵک خوازیارن بەجۆرێکی تر کار بکەن، نایانەوێ بەدرێژایی ڕۆژ لە کۆبوونەوەدا دانیشن، بەڵکو دەیانەوێ بۆ باس لەسەر پرسێک کە بۆ ئەوان سەرنج ڕاکێش بێت کۆبوونەوە بکەن. بە ڕێگای میدیا و کۆمیتەی هاوکار و کلوبی هزری لە دەوری یەک کۆ ببنەوە. جیلی پێشتر لە سوید خۆبەخشانە فیدراسیۆنێکیان پێکهێنا. من هیوادارم ڕۆژێک بێ کە لاوەکانمان خۆبەخشانە فیدراسیۆنێک پێک بێننەوە. مێژووی کوردانی سوید وەکو مێژووی فیدراسیۆن وایە. پێشتر ئێمە پeنابەرێکی کورد بووین لە سوید ، ئێستاش ئێمە کوردی سویدین. لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا گەلێک شت گۆڕاوە. پرسی کۆمەڵگا کە هەرگیز خەیاڵمان لێ نەدەکردەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئێستا گۆڕاوە، بەشێک لە وڵاتی ئێمە ئازاد بووە، منداڵە کوردەکان ئێستا بە سەربەرزیو دەڵێن کوردستان، پارڵەمان و حکومەتمان هەیە، باسی کوردو زمانی کوردی لە تورکیا ئەوەندە ڕێگری لێ ناکرێ، ڕەوشی کوردی باکور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەموو کات پێویستی بە پشتگیری ئێمە هەیە.

یە کێک لە ئەرکەکانی فیدراسیۆن ئەوەیە کە پشتگیری لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد بکات. هەر لە پێناو ئەوەشدایە کە پشتگیری لە سەقامگیر بوونی دیموکراتی و مافی مرۆڤ دەکاو لە پێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا بۆ پاراستنی زمان و ناسنامە و کلتورو پەرەپێدانی بواری ڕۆشنبیری کاردەکات.

فیدراسیۆن بۆ گرینگی دان بە زمانی زگماکی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، لەدژی ڕەگەز پەرستی و جیاوازی دانان، بۆ یەکسانی و بۆ کۆمەڵگایەکی فرەکلتوری کاردەکات. بۆ پێکهێنانی ئەو ئامانجە خۆبەخشانە کاری کردووە. لە ناو سویدیشدا دەنگی کوردی بەرز ڕاگرتووە. بە سەدان پرۆژە، کۆنفرانس، بیرەوەری و ئاهەنگی پێکهێناوە، هەروەها بە چەندین دەستکەوت وەکو: بوونی ئاوایی فیدراسیۆ، ڕادیۆی کوردی، ، بەشداریمان لەگەڵ فۆڵکسام لە بەشی کوردی، هەروەها پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ دەزگا و سیاسەتمەدارانی بیانی و سویدی پەیدا کردووە . ئێمە لە ناو کۆمفیدراسیۆنی بیانی کە ٢٠ فیدراسیۆن لە خۆ دەگرێ چالاکانە بەشدارین و سەرۆکایەتی سیۆسمان کردووە و ئێستا وەک جێگری سەرۆک بە شدارین. هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی پەرتوکخانەی کوردیدا وەکو جێگری سەرۆک بە شدارین.

کاریگەری فیدراسیۆن لە دوای هەردەستکەوتێک بۆ کوردان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە سویدا. فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید بۆ ئامانجێکی هاوبەش هەر چواربەشی کوردستانی کۆکردۆتەوە، ئەمە نمونەیەکی گەورەیە بۆ دیموکراتیەت. ئەندامانی کۆمیتەی کارگێڕو گشتی بە هەزاران کاتی خۆیان بۆ خزمەتی ئەو دەزگا دیموکراتی، نەتەوەیی و سەربەخۆیە تەرخان کردووە.

میوانانی ئازیز ، بە شدارانی هێژا،

لە کۆتاییدا داواکارم ڕێگام بدەن بە دڵ و گیان سوپاسی هەموو خەباتکارانی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانی ئەندام بکەم، هەروەها دەمەوێ سڵاوی گەرمی خۆم بنێرم بۆ ئەوانەی نەیان توانیوە بە شداربن و پەیامیان بۆ ناردوین، جارێکی تر بەگەرمی بەخێر هاتنتان دەکەم.

پیرۆز بێ خەباتی ٣٠ ساڵە!

هە ر بژی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان

## سەروتار

گەیشتبوون، دووری لە زێد و نیشتمان، دابڕانی منداڵەکانیان لە زمانی زگماکی و کولتور و داب و نەریتی نەتەوەیی شوێنەوارێکی قووڵی لە بیر و دەروونیاندا پێک هێنابوو. ئەو خەڵکە کە لەپێناو پاراستنی کولتوور و پێناسەی نەتەوەیی لە ماڵ و زێدی خۆیان دوور کەوتبوونەوە و تەنانەت لە پێناو ئەو ئامانجەدا دەگەڵ گەلێک ئێش و ئازار بەرەوڕوو ببوونەوە و قوربانێکی زۆریشیان دابوو، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ناکرێ هەروا بە سانی ئەو ئامانجانانە لەبیر خۆیان ببەنەوە.

بەم جۆرە ساڵی 1981 کۆمەڵێک لە شارەزایان بە یاساکانی وڵاتی سوید، بە هاوکاری دڵسۆزانەی کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانیان دامەزراند و خۆبەخشانە خەباتێکی شارستانی و دێمۆکراتیان لە پێناو پاراستنی کولتوری نەتەوەیی و مافەکانی یاسایی خۆیان لەو وڵاتەدا دەست پێکرد. لەو بوارەدا ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین کە فیدراسیۆن ڕۆڵی باڵوێزخانەی نەتەوەی کوردی گێڕا.

بە دامەزرانی فیدراسیۆن کە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە، نەتەنیا هەر بەشێکی زۆر لە کێشەکانی یاسایی پەنابەری کورد چارەسەر کرا، بەڵکو بە ڕێگای پێوەندی پتەو و بەردەوامی کارگێڕ و بەڕێوەبەرانی فیدراسیۆن دەگەڵ دامودەزگاکانی وڵاتی سوید، باس لەسەر کورد وەک نەتەوەیەکی بێبەش لە هەموو ماف و ئازادییەکان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی جۆراجۆری ئەو وڵاتە هاتە بەر باس و سرنجی پارێزەرانی مافی مرۆڤی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و دۆست و لایەنگرێکی زۆری بۆ کورد بە گشتی پەیدا کرد و لەو بوارەدا سەرکەوتنێکی زۆری دەستەبەر کردوە.

سەرەڕای هەموو ئەوە خەبات و تێکۆشانە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە ئەو سەردەمەی کە ئێستا تێیدا دەژین جیاوازێکی زۆری لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێوەندییەکانی کۆمەڵگای مرۆوایەتی دەگەڵ سی ساڵ لەمەوبەر هەیە و ئاڵوگۆڕێکی زۆر قووڵ و بنەڕەتی لەو چەمکانەدا پێکهاتوە. ڕەوتی بەجیهانی بوون بەخێرایی بەرەوپێش دەچێ و گۆڕانکارێکی گەورە لە شێوەی کار و خەبات و ژیانی کۆمەڵگای جیهانیدا پێک هاتوە. خەباتی ژنان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان و لەنێو بردنی جیاوازیەکانی نێوان ژن و پیاو ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زیادتر پەرە دەستێنێ. لاوەکان بەگوێرەی هەلومەرجی وڵاتەکانی خۆیان پێگەیەکی بەرچاویان لە ناو کۆمەڵدا هەیە و بۆ دابین کردنی هێنانیمافەکانی خۆیان کۆڕوکۆمەڵی جۆراجۆریان پێک هێناوە و لە پێناو دەستەبەر کردنی ئەو مافانە و پەرەپێدانی دێمۆکراسی و ئازادیدا چالاکانە خەبات دەکەن. لە لایەکی دیکەوە بە پێکهاتنی ئوروپای یەکگرتوو ڕەوتی هاوکاری و لێک نزیک بوونەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەی بەخێرایی بەرەوپێش دەچی و لە ڕاستای پێکهێنانی بنەماڵەی ئوروپادا هەنگاو دەنێ.

بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەوانە پێویستە فیدراسیۆنیش بەگوێرەی ئەو هەلومەرجانە ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا پێک بێنێ و دەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بەرەوپێش بچێ و سنووری خەباتی خۆی بەرفراوانتر بکا و زەمینەی هاوکاری دەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستانی لە وڵاتانی ئوروپایی و کوردستاندا برەخسێنێ. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش کۆ کردنەوەی لاوان و ژنانی پێگەیشتوو لە دەوری فیدراسیۆن وەک زەرورەتێکی حاشا هەڵنەگر خۆی دەنوێنێ.

لەم بوارەدا ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەڕێوەبەران و کارگێڕانی ئێستای فیدراسیۆن ئەرکێکی پیرۆزی ئاوایان لەسەر شانە، ژنان و لاوانی پێگەیشتوش لە بەرانبەر مێژووی نەتەوەکەماندا بەرپرسیارن و دەبێ بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بێنە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە.

پیرۆز بێ

یادی

سی ساڵەی

دامەزرانی

فیدراسیۆن

## سەروتار
## سی ساڵ خەبات لە پێناو ئاشتی و مافی مرۆڤ

نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و وڵات داگیرکراو بە درێژایی مێژوو لە پێناو پاراستنی ماف و پێناسەکانی نەتەوەیی خۆی خەباتی کردوە و بۆ ڕزگار کردنی خۆی لە ژێردەستی و کۆیلەتی لە بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستاندا ڕاوەستاوە.
ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی پڕ لە کارەساتی نەتەوەکەمان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو دەسەڵاتدارانی داگیرکەری کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی خۆیاندا بۆ بەچۆکداهێنانی کورد سیاسەتی سەرکوت و تواندنەوە و تەنانەت قەڵاچۆ کردنی کوردیان گرتۆتە بەر و هەزاران بنەماڵەی کوردیان ئاوارەی هەندەران کردوە و لە زێد و نیشتمانی خۆیان دووریان خستونەتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا زۆر جار خەڵکی بێدەرەتان و لێقەوماوی نەتەوەکەمان بۆ ڕزگار کردنی گیانی ماڵ و منداڵەکانیان زێد و نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووە و پەڕەوازەی هەندەران بوون و ژیانی تاڵی تاراوگەنشینیان گرتۆتە بەر و لە وڵاتانی دەوروبەر نیشتەجێ بوون.
ڕەوتی ئەو دیاردە پڕ لە ئێش و ئازارە بەهۆی پەرەسەندنی پیشەسازی و تێکنۆلۆژی لە ساڵەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بەرەبەرە لێقەوماوانی کورد بۆ ڕزگاری لە دەستی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ و هەروەها گەیاندنی دەنگی نارەزایی نەتەوەکەمان ڕوویان لە وڵاتانی ئوروپایی کرد و ئەو ڕەوتە ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندا بووە.
ساڵانی سەرەتای نیوەی دووهەمی سەدەی بیست بەهۆی شاڵاوێکی دیکەی هێرش و سەرکوت بۆ سەر کوردستان شەپۆلێکی بە تەوژم لە پەنابەرانی کورد بەرەو ئوروپا بەگشتی و وڵاتی سوید بە تایبەتی دەستی پێکرد و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان پەنایان بۆ ئەو وڵاتانە هێنا و بەسەدان بنەماڵەی کورد لە وڵاتی سوید نیشتوجێ بوون.
بە نیشتەجێ بوونیان لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک سوید، سەرەڕای هەموو ئەو ئیمکاناتانەی کە پێی
بۆ لاپەڕەی 2

## پەیامی سەرۆکی فیدراسیۆن بە بۆنەی سی ساڵەی فیدراسیۆن



یادی ٣٠ ساڵەی دامەزرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە هەمووان پیرۆز بێت
میوانانی بەڕێز
سە رۆک و نوێنەرانی کۆمەڵەکانی ئەندام
سەرۆک و نوێنەرانی کۆمیتەی هاوکاری
نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی کوردی، هێژایان
پێشەکی لە سەر ناوی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم، سوپاس بۆ بەشداریتان، سوپاس بۆ پەیام و پشتگیری ئێوەی بەڕێز.
فیدراسیۆنی ئێمە پێش ٣٠ ساڵ لە ٢٢ ی گوڵانی ١٩٨١ دامەزرا . سوپاس بۆ ئەو کۆمەڵە و کەسانەی کە فیدراسیۆنیان دامەزراند، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی لەنێوان ئەو ٣٠ ساڵەدا و لە بارودۆخ و سەردەمی جودادا لە دەزگایەکی وا نمونەییدا خەباتیان کردووە، سیهەمین ساڵڕۆژی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە هەمووان پیرۆز بێت.
ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی فیدراسیۆن، پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ کوردانی سوید بوو. دەزگایەکی وەها بێلایەن و گرێنەدراو بە هیچ پارتێکی سیاسی بۆ کوردی هەر چوارپارچە پێویست بوو، لە سەرەتادا فیدراسیۆن بۆ پشتگیری لەدۆزی کورد، بۆ پشتیوانی لە پەنابەری کورد، بۆ پاراستنی زمان، ناسنامە و کلتوری کورد بەخەباتێکی هاوبەش پێک هات. ئەو کەسانەی کە فیدراسیۆنیان دامەزراند پەنابەری سیاسی بوون. گەلێک لەوانە مافی پەنابەریان وا وەردەگرت کە تا کاتێکی دیاری کراو لە سوید بمێننەوە و پاش ماوەیەک
بۆ لاپەڕەی 3